# The impact of the Crusades on the cultural and scientific aspects of Europeans and Muslims

Shamal Mohammed Wasman[1], Ahmed Raza Ahmed[2]
[1] Ranya Education Directorate, [2]Department of History, College of Humanities, Raparin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.20*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

Even though these conflicts were practiced to take wealth and money from the east and to support the Byzantium Emperor to not be collapsed by the Muslims from one side, and from the other side, it was aimed to protect the Christians in the East and taking control over the sacred places of Christians, but they left great archeological sites regarding science and information about the warriors. Europeans could get advantages from these archeological sites to understand the intellectuality of the eastern societies. This was beneficial to enrich European communities through these faking these findings to Europe.

On the side of the East and Muslims, the results of the war are divided into two categories. From one perspective, the Churches army attacked the Muslim' lands, and this caused huge collapse on the civilized terms. Since they collapsed many scientific organizations, and Muslims documentations. However, these destructions did not stop the Muslims from giving up on learning and enriching their scientific knowledge. They continued on documenting the science they have and even continued on scientific explorations to find new things. These attacks motivated Muslims to try harder to gain more than they had, rather than being disappointed. These attacks were key factors to aware the Muslims in the East.

***Keywords:*** *Crusades, culture, science, Europeans, Muslims.*

# کاریگەریی شاڵاوی خاچییەکان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و زانستیی ئەورووپییەکان و موسڵمانەکان

م. ی. شمال محمد وسمان
بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە
shamalmohammed198@gmail.com

پ. ی. احمد رضا احمد
بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی ڕاپەڕین
ahmed.mejw@uor.edu.kurd

**پوختە**

ئەگەرچی لە بنەڕەتدا جەنگی خاچییەکان، لەلایەک بۆ بەهانەوەچوونی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بووە، تاوەکو ئیمپراتۆرییەکە بە دەستی سەلجوقییە موسڵمانەکان نەڕووخێت. لەلایەکی دیکەشەوە، بۆ دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی ڕۆژهەڵات و دەستبەسەرداگرتنی ئەو شوێنانە بوو، کە لەلای مەسیحییەکان پیرۆز بوون، بەڵام شوێنەواری قووڵیشیان لەسەر لایەنی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیریی لایەنە شەڕکەرەکان بەجێهێشت، ئەم شوێنەوارانەش لە سەر ئەورووپیەکان زیاتر بە ئەرێنی شکانەوە و توانیان سوود لە زانست و ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتییەکان وەربگرن، بە هەگبەیەکی پڕ لە زانستەوە بگەڕێنەوە ئەوروپا، دواجار ئەم هەگبە پڕ زانستە ڕۆژهەڵاتییەی کە چووە ئەوروپا، بووە یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی پێشکەوتنی لایەنی شارستانی و ڕۆشنبیری و زانستیی ئەورووپییەکان.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و موسڵمانانیش، شوێنەوارەکانی ئەم جەنگانە لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە دوو لایەنەبوو؛ بەو پێیەی کە خاکی موسڵمانان بەر پەلامارەکە کەوتبوو، ئەم جەنگانە شوێنەواری خراپیان بەجێهێشت، بە تایبەت لە سەرەتای هاتنی خاچییەکاندا، کە زیانی گەورەیان بە بەشێک لە دامەزراوە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی موسڵمانان گەیاند، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت موسڵمانان دەستەوەسان وەستابن و پشتیان لەو پێشکەوتنە فکری و زانستی و ڕۆشنبیرییە کردبێت، کە لە ڕۆژهەڵات هەیە، یاخود دەستبەرداری ئەو بزاڤە زانستی و ڕۆشنبیرییە بووبن کە لە ناوچەکەدا هەبووە، بەڵکو ئەم جەنگانە بوونە هۆکاری ئەوەی موسڵمانان زیاتر گرنگی بە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری بدەن و نەهێڵن ئەم جەنگانە چالاکییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان بە تەواوی بوەستێنن، ئەم شاڵاوانە بوونە هۆکاری زیاتر بەئاگاهێنانەوەی موسڵمان و ڕۆژهەڵات.

**کلیلە وشەکان:** شەڕی خاچییەکان، ڕۆشنبیری، زانستی، ئەورووپییەکان، موسڵمانەکان.

# کاریگەریی شاڵاوی خاچییەکان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و زانستیی ئەوروپییەکان و موسڵمانەکان

## پێشەکی

هەرکاتێک گوێمان لە وشەی جەنگ دەبێت، یەکەم جار ئەوەی بە خەیاڵماندا دێت، بریتییە لە کوشتن و بڕین و کاولکاری، واتە لەگەڵ بیستنی وشەی جەنگدا، ئەوەی مرۆڤ بیریلێدەکاتەوە بریتییە لەوەی دەبێت جەنگ چ وێرانەیەک و کوشت و کوشتارێک بەدوای خۆیدا بهێنێت؟ بە دەگمەن مرۆڤ بیری بۆ ئەوە دەچێت، کە جەنگەکان سەرەڕای خراپەیان، دەشێت دەرئەنجامی باشەیش بەدوای خۆیاندا بهێنن، شاڵاوی خاچییەکانیش، ئەو جەنگانەبوون کە هەم لایەنی خراپەیان هەبووە، هەم لایەنی باش، بە تایبەت لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە، چەندین دەرەنجامی گەورەیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، کە دەکرێت لەلایەن توێژەرانی بواری مێژووەوە ئاوڕی زیاتری لێبدرێتەوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بە پێویست زاندرا توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەریی شاڵاوی خاچییەکان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیریی ئەوروپییەکان و موسڵمانەکان بنووسرێت.

گرنگیی توێژینەوەکە: خستنە بەرباسی لایەنە باشەکانی هەموو کردەیەکی مرۆڤ کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ئەرکی زانستیانەی مێژوونووس و توێژەرەکانی مێژووە، کارێکی زانستییانە نابێت، کە توێژەری مێژوویی تەنها یەک دیوی ڕووداوەکانی ڕابردوو و مێژووی مرۆڤایەتی ببینێت. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، لاکردنەوە لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان گرنگ و پێویستە، ئەم شاڵاوانە بە یەکێک لەو زنجیرە جەنگە گەورانەی مێژووی مرۆڤایەتی دادەندرێن، کە نزیکەی دوو سەد ساڵی خایاندووە، سەرەڕای ئەوەی نەهامەتیی گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی هێناوە، لەهەمان کاتدا شوێنەواری باشەشیان لەسەر مێژوو بەجێهێشتووە، یەکێک لە کاریگەرییە باشەکانی ئەم شاڵانەوەش کاریگەری لەسەر لایەنی زانست و ڕۆشنبیریی لایەنە شەڕکەرەکانی ئەم شاڵاوانە بوو، ئەگەرچی ئەم شاڵاوانە لە هەندێک کاتدا کاریگەریی نەرێنییان لەسەرئەم لایەنە بەجێهێشتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم شاڵاوانە دەرئەنجامی گەورەی زانستی و ڕۆشنبیرییان لێکەوتەوە، بە تایبەت لەسەر ئەوروپا، بوون بە دەروازەیەکی گرنگی چوونی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیریی موسڵمان و ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ڕۆژئاوا.

ئامانجی توێژینەوەکە: هیچ توێژینەوەیەک بەرهەمدار نابێت و بە پایان ناگات، ئەگەر توێژەرەکە ئەو ئامانج یان ئامانجانە دیارینەکات، کە دەیەوێت لە توێژینەوەکەیدا پێی بگات، گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە:

1. خستنەڕووی کورتەیەکی مێژوویی و گرنگترین هۆکار و پاڵنەرەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان.
2. تیشک خستنە سەر کاریگەریی لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی لەسەر شاڵاوەکانی خاچییەکان.
3. خستنەبەرباسی گرنگترین ئەنجامە ڕۆشنبیری و زانستی و فکرییەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان لەسەر لایەنە شەڕکەرەکانی ئەم جەنگانە.

لە ڕووی میتۆدیشەوە، میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدێکی وەسفییە، بەڵام زۆرجار توێژەر ناچاردەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، زیاتر لەیەک میتۆد بەکاربهێنێت، هەربۆیەش لە هەندێک شوێن پەنا بردراوەتە بەر میتۆدی بەراوردکاری، ئەمە جگە لەوەی کە بابەتەکان بە میتۆدێکی مێژووییانە گێڕدراونەتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەش، لە پێشەکی و دوو باسی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی کورتەیەک لەسەر شاڵاوی خاچییەکان و پەیوەندی بە لایەنی زانست و ڕۆشنبیرییەوە، و دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەرەی یەکەمدا، سەرەڕای باسکردنی کورتەیەکی مێژوویی لەسەر ئەم جەنگانە، گرنگترین ئەو هۆکارانەش خراونەتە بەرباس، کە کاریگەرییان لەسەر ئەم جەنگانە هەبووە، لە تەوەرەی دووەمیشدا، سەرباری ئەوەی بە کورتی تیشک خراوەتە سەر بارودۆخی زانستی و ڕۆشنبیری پێش دەستپێکردنی شاڵاوەکانی لایەنە شەڕکەرەکان، پەیوەندیی ئەم شاڵاوانەش بە لایەنی ڕۆشنبیری و زانستییەوە خراونەتەڕوو.

لە باسی دووەمیشدا، کە تەرخانکراوە بۆ گرنگترین کاریگەرییەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان لەسەر لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری، دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەرەی یەکەمدا گرنگترین ئەو کاریگارییانە خراونەتەڕوو، کە ئەم شاڵاوانە لەسەر ئەورووپییەکان لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانستییەوە دروستیانکردوون، بە تایبەت لە ڕووی زمانەوانی و پزیشکی و ئەدەبی و چەندین لایەنی دیکە، لە تەوەرەی دووەمیشدا، کاریگەرییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەم شاڵاوانە لەسەر موسڵمانان گەنگەشەکراون.

هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان: خۆشبەختانە شاڵاوەکانی خاچییەکان، یەکێکە لەو ڕووداوانەی مێژووی مرۆڤایەتی، کە سەرچاوەی ڕەسەن و هاوچاخی جەنگەکانی لەسەر هەیە، واتە

کۆمەڵێک مێژوونووسمان هەن، کە لە ماوەی ئەم شاڵاوانەدا ژیاون و توانیویانە بەشێکی ڕووداوەکانی ئەم جەنگانە تۆماربکەن، هەندێک لەو سەرچاوانەش ماون و توێژەران دەتوانن سوودیان لێ ببینن، یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانیش، کە سوودی لێبیندراوە بریتییە لە پەرتووکی (الاعتبار)ی (ئوسامە بن منقیذ) (م. لە588ک/ 1188ز)، کە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی شەڕی خاچییەکان دادەندرێت، نووسەری پەرتووکەکە هاوچاخی شاڵاوەکانە و بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی دەیانگێڕێتەوە خۆی بینیونی، جگە لەوەش بە یەکێک لە سەرچاوە زانستی و ڕاستگۆکانی ئەم شەڕانە دادەندرێت. ئوسامەی کوڕی مونقیذ لە میانەی پەرتووکەکەیدا، چەندین ڕووداو دەگێڕێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە.

جگە لەم سەرچاوەیە، سوود لەچەندین سەرچاوەی دیکەی گرنگ بیندراوە، وەک (تاريخ الحملة الصليبية)ی (فورشية الشارترى) (م. لە 521ک/1127ز) و (كتاب الروضتين فى اخبار الدولتين النورية والصلاحية)ی (ابي شامة) (م. لە 665ک/1266ز) و چەندین سەرچاوەی دیکە، ئەگەرچی زۆربەی سەرچاوە کۆنەکان هێندەی لەسەر ئەم شاڵاوانە وەستاون وەک کردەیەکی سەربازی و ئاینی و ئابوورییانە و ...هتد، هێندە لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و زانستیی پەیوەست بەم شاڵاوانە نەوەستاون، بەڵام دەکرێت توێژەر لەناو سەرچاوەکاندا تێبینیی هەبوونی پەیوەندیی ئەم شاڵاوانە بکات بەم لایەنەوە.

ئەو پەرتووکانەشی بە ڕوونی و بە دیاریکراوی باس لە دەرئەنجامە ڕۆشنبیری و زانستییەکانی ئەم شاڵاوانە دەکەن بریتین لە ژێدەرەکان، لە گرنگترین ئەو ژێدەرانەش کە توێژەری ئەم توێژینەوەیە سوودی لێ بینیون بریتین لە پەرتووکی (العلاقات الاجتماعية والثقافية والاقتصادية بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبية)ی (زەکی نەقاش) و (اثر الشرق الاسلامى فى الفكر الاوروبى خلال الحروب الصليبية)ی (عبدالله بن عبدالرحمن الربيعى) و توێژینەوەکەی (عبدالعزيز بن الراشد العبيدى) بە ناونیشانی (التأثيرات الحضارية الأسلامية على الغرب الأوروپى خلال العروب الصليبية، مجلة الآداب، عدد 3) چەندین ژێدەری دیکە.

لە کۆتاییدا، هیوادارین تواندرابێت ئەگەر کەمێکیش بێت، تیشک خرابێتە سەر کاریگەریی ئەم شاڵاوانە لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی و فکریی لایەنە شەڕکەرەکان.

## تەوەرەی یەکەم

## کورتەیەک لەسەر شاڵاوەکانی خاچییەکان و پەیوەندی بە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە

### یەکەم

### کورتەیەک لەسەر مێژووی شاڵاوەکانی خاچییەکان

بەو زنجیرە هێرشانە دەوترێت شاڵاوی فەرەنجەکان (أسامة بن منقذ، د.س، ص30؛ ابن الاثیر، 2003، ج7، ص13؛ الشارتری، 1990، ص31)، یان شاڵاوی خاچییەکان (جان فلوری، 2004، ص215-216؛ عبدالله بن عبدالرحمن الربیعی، 1994، ص26)، کە ئەوروپای مەسیحی کردیانە سەر ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی، لە دەیەی کۆتایی سەدەی (5ک/11ز) دەستیپێکرد و تا دەیەی کۆتایی (7ک/13ز) خایاند، واتە نزیکەی دوو سەد ساڵ(489-690ک) (1096ز ـ 1291ز) (تۆفیق، امین، 2013-ب، ل250)، بەشێک لە نووسەرانیش پێیانوایە جەنگی خاچییەکان ئەو زنجیرە جەنگانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان ساڵانی (489-668ک) (1096 ـ 1270) دا ڕوویانداوە، تیایدا ئەوروپییەکان هێرشیان کردە سەر ڕۆژهەڵات (محمود شاکر، 2011، ل537).

ئەگەر ئێمە سەیربکەین دەبینین هەردوو بۆچوونەکە سەبارەت بە سەرەتای دەسپێکردنی شاڵاوی خاچییەکان یەک دەنگن لەسەرئەوەی کە شاڵاوی یەکەمی خاچییەکان لە ساڵی (489ک/1096ز) دەستپێکردووە، بەڵام سەبارەت بە کۆتاییهاتنی ئەم شاڵاوانە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بە شێوەیەک یەکێک ساڵی (668ک/1270ز) و یەکێکی دیکەش ساڵی (690ک/1291ز) بە ساڵی کۆتاییهاتنی ئەو شاڵاوانە دادەنێت.

هۆکاری ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لەم دوو ساڵەدا ڕوویانداوە، لە ساڵی (668ک/1270ز) زاینیدا، شاڵاوی هەشتەمی خاچییەکان ئەنجامدرا، کە بە کۆتا هەڵمەتی خاچییەکان دادەندرێت بۆسەر ڕۆژهەڵات (تۆفیق، ئەمین، 2013-ب، ل269)، هەرچەندە بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بە شاڵاوی دیکەی خاچییەکان دەکەن، کە لەدوای شاڵاوی هەشتەمەوە ئەنجامدراون (جفری برۆن، 2009، ل268-269).

سەبارەت بە دیاریکردنی ساڵی (690ک/1291ز) زاینی، وەک ساڵی کۆتاییهاتنی جەنگی خاچییەکان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکردنی هێزەکانی خاچییەکان لە شاری عەکا (کە شارێکی فەلەستینی بوو لە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست)، بەمەش لە ڕۆژهەڵات کۆتایی بە خاچییەکان هات و جگە لە قوبرس (کە دوورگەیەک بوو لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست) هیچ شوێنێکی دیکەیان بەدەستەوە نەما (محمود شاکر، 2011، ل559).

دەکرێت بوترێت شالاَوی خاچییەکان لە ڕووی کاتەوە درێژخایەن بووە، کە نزیکەی دوو سەدەیان خایاندووە، هەروەها لە ڕووی شوێنیشەوە فراوان بووە، کە دوورگەی فوراتی و شام و فەڵەستین و میسر و دەریای ناوەڕاستیان گرتۆتەوە (عیمادەدین خەلیل، 2019، ل281).

پاڵنەرەکانی شالاَوی خاچییەکان جۆراوجۆرن، هەر لە پاڵنەری ئاینییەوە بگرە تا ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی (محمد مؤنس عوض، 2009، ص23)، لەوەیە پاڵنەرێک زیاتر لە پاڵنەرێکی دیکە کاریگەری لەسەر شالاَوی خاچییەکان هەبووبێت، بەڵام دواجار کۆی ئەم پاڵنەرانە بوونە تەواوکەری یەکتر بۆ ڕوودانی یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە ئەم ڕووداوە لە مێژوودا بە شالاَوەکانی خاچییەکان یان هێرشی فەرەنجەکان بۆسەر ڕۆژهەڵات ناسراوە.

لە ڕووی ئاینییەوە، دوای سەرکەوتنی سەلجوقییەکان بەسەر بیزەنتییەکاندا لە جەنگی مەلازگەرد لە ساڵی (463ک/1071ز)دا، گیروگرفتیان بۆ ئەو حاجیە مەسیحییانە دروستکرد، کە دەچوون بۆ (بیت المقدس) بە مەبەستی حەجکردن، ئەمەش بووە پاساو بە دەستی پاپاکانەوە بۆ بانگەشەکردن بۆ ئەو شالاَوانە، ئەمە جگە لەوەی کە لە بیت المقدس گۆڕی حەزرەتی مەسیح و ئەو خاچەی لێیە، کە حەزرەتی مەسیحی پێ لەخاچدراوە، هەربۆیەش پاپا و پیاوانی ئاینی بە چەندین شێوە دەستیانکرد بە هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لەو شالاَوانە (تۆفیق، ئەمین، 2013–ب، ل251 – 254؛ بسام العسلي، د.س، ص 26–34)، مەسیحییەکان پێیانوابوو بارودۆخی مەسیحییەکانی نیشتەجێی (بیت المقدس) زۆر خراپ بووە (الصوری، 1991، ص70)، پاپا ئۆربانی دووەمیش (م. لە 492ک/1099ز) لە وتارەکەی (کلیرمون)دا (کە کۆبوونەوەیەکی گەورەی پیاوانی ئاینی بوو، نزیکەی 310 پیاوی ئاینی مەسیحی بەشداربوون) (الشارتری، 1990، ص31)، ڕایگەیاند مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات دەچەوسێندرێنەوە (محمد سهیل طقوش، 2011، ص13)، هەروەها جەختی لەسەر ڕزگارکردنی کەنیسەی ڕۆژهەڵات و شوێنە پیرۆزەکان لە ئۆرشەلیم و (جان فلوری، م.س, ص 195) بەشداریکردنی هاوڵاتییان لەم شالاَوانەدا کردەوە، وتارە حەماسییەکەی پاپا، کاریگەریی زۆری لەسەر بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان لە شالاَوەکانی خاچییەکاندا هەبوو (الشارتری، تاریخ الحملة الصلیبیة، ص32–35).

لەلایەکی دیکەوە پاڵنەری ئابووری کاریگەریی زۆری لەسەر شالاَوی خاچییەکان هەبووە، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خاچییەکان گەیشتن بوو بە خێر و بێر و سەروەت و سامانی ڕۆژهەڵاتییەکان، تەنانەت پاپا ئۆربانی دووەم کاتێک لە کۆنگرەی ئاینیی شاری کلیرمونی فەرەنسا وتاری پێشکەش بە نێردراوی ناوچە جیاجیاکانی ئەوروپا کرد، سەرەرای

باسکردنی پێویستیی دەستگرتن بەسەر قودسدا، ئاماژەی بەوەکرد، کە سەروەت و سامانێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات چاوەڕێیان دەکات (محمود شاکر، 2011 ، ل542)، شارە بازرگانییەکانی ئیتاڵیاش، بە مەبەستی دەستبەسەراگرتنی جوڵەی بازرگانیی ڕۆژهەڵات و دەستکەوتی ئابووریی زیاتر و (محمد سهيل طقوش، 2011، ل87)، دەستکەوتنی بەروبوومی ڕۆژهەڵات بە نرخێکی هەرزان، کەشتییە بازرگانییەکانی خۆیان بە گواستنەوەی سەرباز و کەلوپەلی جەنگی خستە خزمەت شاڵاوەکانی خاچییەکانەوە (احمد الشامی، 1985، ص 63-64).

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای ئەورووپی بەدەست چینایەتییەوە دەیناڵاند و بەسەر چەند چینێکدا دابەشبووبوو، لە سەری سەرەوە چینی فەرمانڕەوایان و دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی هەبوون، لە خوارەوەش چینی جوتیار و کۆیلە و هەژارەکان هەبوون، هەر یەکێک لەم چینانەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو تاوەکو پاڵیپێوەبنێت بۆ بەشداریکردن لە شاڵاوی خاچییەکان، چینی دەرەبەگ و فەرمانڕەواکان بە ئامانجی دەستخستنی زەوی و زاری نوێ لە ڕۆژهەڵات چوونە پاڵ خاچدروشمان (محمود شاکر، 2011، ل537 – 538)، چینی جوتیار و کۆیلە و هەژارەکانیش، ئەم شاڵاوانەیان بە دەرفەت زانی تاوەکو خۆیان لە دەستی دەرەبەگ و ژیانی کۆیلایەتی ڕزگاربکەن (محمد سهيل طقوش، 2011، ل 86 – 87)، هەر کۆیلەیەک بەشداریی شەڕی خاچییەکانی کردبوایە، ئەوا بۆ هەمیشە ئازاددەکرا (محمود شاکر، 2011، ل542)، تەنانەت بەشێک لە نووسەران ئەم شاڵاوانەی خاچییەکان، بە جەنگێکی تەواو دەرەبەگی دادەنێن، دەیخەنە چوارچێوەی ئەو فراوانخوازییە دەرەبەگایەتییە ئەورووپییەی چەند سەدەیەکی خایاندووە، کە لە سەدەی (4ک/10ز)دا، ئەڵمانیا فراوانخوازییەکی دەرەبەگییانە بۆ سەر سلاڤ و مەجەر و بولگاریا ئەنجامدەدات، سەدەی (5ک/11ز)یش نۆرماندییەکان فراوانخوازییان بۆ سەر بەریتانیا و باشووری ئیتاڵیا و سەقلیە ئەنجامدا، نیمچە دەوڵەتە مەسیحییەکانی ئیسپانیاش فراوانخوازییان بۆ سەر موسڵمانان لە نیمچە دوورگەی ئیبیریا کرد (محمد حسێن تۆفیق، عبدالأمير محمد ئەمین،2013-ب، ل 250).

لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەوەی پاڵی بە ئەورووپییەکانەوە نا تاوەکو ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات و دەست بگرن بەسەر بەشێکی خاکەکەیدا، دروستکردنی داگیرگە و دەسەڵاتداریەتی بوو لەلایەن دەرەبەگ و فەرمانڕەواکانی ئەورووپاوە، هەروەها پاراستنی دەوڵەتی بیزەنتی (395-1453ز) و نەڕووخانی بەدەستی سەلجووقییەکان (428ک/1037ز–594ک/ 1194ز) (محمود شاکر، 2011، ل540)، چونکە دەستیان بەسەر بەشێک لە زەوییەکانی دەوڵەتی بیزەنتیدا گرتبوو(الشارتری، 1990، ص 31).

وەک دەبینرێت پاڵنەرەکانی جەنگی خاچییەکان زۆر و جۆراوجۆر بوون، هەر لە پاڵنەری ئاینی و ئابوورییەوە بگرە، تا پاڵنەری سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت بەشێک لە نووسەران پێیانوایە ئەم هێرشانە کۆتایی زنجیرەیەک کۆچی گەورەی ئەوروپییەکان بوون، کە لە ئەنجامی ڕووخانی ئیمپراتۆری ڕۆمانی دروستبووبوو، بەشێک لە نووسەرانیش پێیانوایە ئەم جەنگانە درێژکراوەی جەنگەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، کە لە سەردەمی فارس و یۆنانییەکانەوە سەریانهەڵدا (ئاراز فەریق زەینەڵ، 2011، ل 100 – 101)، نووسەرێکی هاوسەردەمی جەنگی خاچییەکانیش پێیوایە ئەم جەنگانە میراتی مرۆڤەکانن، کە لە باوکانیان بۆیان ماوەتەوە (أسامة بن منقذ، د.س، ص58).

**دووەم**

## شاڵاوی خاچییەکان و پەیوەندییان بە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە

ئەگەر سەیری پاڵنەرەکانی شاڵاوی خاچییەکان بکەین، وەک لە تەوەرەی یەکەمی ئەم باسەشدا ڕوونکراوەتەوە، دەبینرێت کە بە هیچ شێوەیەک پاڵنەری فکری و زانستی نەبۆتە هۆکاری ڕوودانی ئەو جەنگانە، شاڵاو لە پێناو زیاترکردنی سەروەت و سامان و پاراستنی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی بێزەنتە لە دەستی موسڵمانان، بە هیچ شێوەیەک شاڵاو نەبوون لەپێناو گەڕان بەدوای زانست و فکر و ڕۆشنبیرییەکی نوێ، وەک زانراویشە پێش شاڵاوی خاچییەکان جیهانی ئیسلامی لە ڕووی ئاستی پێشکەوتنی زانست و ڕۆشنبیری و فکرییەوە، زۆر لەپێش ئەوروپییەکانەوە بوو، تەنانەت سەدەیەک پێش ئەوەی شاڵاوەکان دەستپێبکەن، ئەوروپا چووبووە نێو قۆناغی سستبوونی چالاکییە زانستییەکان (یوسف کەرەم، ب.س.چ، ل91)، ئەوروپا لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە تووشی داڕمان بووبوو، تەنانەت لەو سەردەمەدا ئەوروپییەکان لە قۆناغێکی هێند دواکەوتوودا ژیاون، کە وای لە بەشێک نووسەران و مێژوونووسان کردووە، ئەم قۆناغە لە مێژووی ئەوروپا بە قۆناغی تاریک ناوزەد بکەن (سعید عبدالفتاح عاشور، 2003، ص 7-8؛ ئاراز فەرق زەینەڵ، 2011، ل295)، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە پێش ئەم شاڵاوانە، هیچ جموجۆڵێکی فکری و زانستی لە ئەوروپادا نەبووبێت، بە تایبەت لە سەدەی (5ک/11ز)دا، کە سەدەی دەستپێکردنی شاڵاوەکانە، ئەوروپا بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بە خۆیەوە بینی، بە تایبەت لە بەشی ڕۆژئاوای ئەوروپا (تۆفیق، أمین، 2013-أ، ل144).

دەکرێت بوترێت لەکاتی هاتنیان بۆ ناو خاکی موسڵمانان، خاچییەکان بەراورد بە موسڵمانان لە ڕووی زانست و فکرییەوە، لەوپەڕی دواکەوتوویدا بوون (عبدالعزیز بن الراشد العبیدی، د.س، ص15).

ئەگەر سەیری بارودۆخی فکری و زانستیی جیهانی ئیسلامی بکرێت لە پێش شەڕی خاچییەکان، بە تایبەت میسر و شام و جەزیرە، کە ئەم شاڵاوانە زیاتر ئەو ناوچانەی گرتەوە، دەبیندرێت کە لە ڕووی فکرییەوە ئەم ناوچانە پێشکەوتووتر بوون لە ئەوروپا، لە سەدەی یازدەیەمدا، کە وەک پێشتر ڕوونکراوەتەوە, کە لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا شاڵاوەکانی خاچییەکان بۆسەر ڕۆژهەڵات دەستیپێکرد، لە وڵاتی شامدا دیمەشق گرنگترین مەڵبەندی فکری بوو، زانایان لە زۆر ناوچەی وەکو بەغداد و ئەندەلوس و میسر ڕوویان تێدەکرد و لە زانست و زانیارییەکانی ئەوێ سوودمەند دەبوون (لؤي البواعنة، د.س، ص38 – 40؛ ئاراز فەریق زەینەڵ، 2011، ل295).

جگە لە دیمەشق، چەندین شاری دیکەی وەکو شاری صور (لە باشووری لوبنان و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست) و شاری تەڕابلوس (شارێکی کەنار دەریایە و دەکەوێتە باکووری لوبنان لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)، لە ڕووی جوولانەوەی فکرییەوە شاری چالاک بوون، تەنانەت بە ماوەیەکی کەم پێش شاڵاوی خاچییەکان، تەڕابلوس بوژانەوەیەکی بەرچاوی فکری بەخۆیەوە بینی، ئەمەش دوای ئەوەی خانەی زانست لەو شارەدا لە ساڵی (1079ز) نوێکرایەوە، کە تیایدا گرنگی بە بابەتە زانستی و ویژەییەکان دەدرا (لؤي البواعنة، د.س، ص42)، شاری تەڕابلوس بووبووە ناوەندێکی زانستیی گرنگ و چەندین قوتابخانەی تێدابووە، لە زۆربەی شارە نزیکەکانەوە فێرخوازان ڕوویان لەو شارە کردووە و چەندین مامۆستای ڕۆژهەڵات وانەیان تێدا وتۆتەوە (زكی نقاش، 1958، ص 205)، هەروەها لە شاری (بيت المقدس)یش هەمان جوولانەوەی فکری هەبوو (لؤي البواعنة، د.س، ص43–44)، هاوشانی دیمەشق و تەڕابلوس، قودس و ئەنتاکیەش (کە شارێکە دەکەوێتە باشووری تورکیا) دوو مەڵبەندی کرنگی جوولانەوەی زانستی بوون (زكي نقاش، 1958، ص193).

وڵاتی میسریش هاوشان لەگەڵ شام، مەڵبەندێکی گرنگی فکری بووە و خاوەنی چەندین دامەزراوەی زانستی بووە، لە ڕووی فکر و زانستەوە، وەک کێبڕکێکاری شاری بغدادی پایەتەختی خەلافەتی عەباسی دەرکەوتووە، لە گرنگترین ئەو دامەزراوە زانستییانەش (دار الحكمة) بوو، کە لە ساڵی (395ک - _ 1004ز) دامەزرا، کە لە بواری فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زانستە جۆربەجۆرەکاندا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، هەر لە زانستە ئاینییەکانەوە بگرە تا دەگاتە زانستی ئەستێرەناسی و زمانەوانی و پزیشکی و چەندین جۆری دیکەی زانست (لؤي البواعنة، د.س، ص45 – 46).

لەگەڵ ئەوەی لایەنی فکری و زانستی نەبوونەتە هاندەری هاتنی خاچییەکان بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام دەتوانرێت بوترێت ئەم شاڵاوانە لەسەر دوو ئاست پەیوەندیی قووڵیان بەم لایەنەوە

هەیە، ئاستی یەکەمی پەیوەندیی لایەنی فکری و زانست بە شاڵاوەکانی خاچییەکانەوە، بریتییە لە ڕۆڵبینینی زانا و خوێندەوارەکان لە هاندانی خەڵک تاوەکو لەم جەنگانە بەشداربن، ئاستی دووەمی پەیوەندیی ئەم شاڵاوانە بە لایەنی فکری و زانستییەوە، بریتییە لە ئەنجامەکانی ئەم جەنگانە، کە یەکێک لە کاریگەرییە گەورەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان، کە لەدوای خۆیەوە بەجێیهێشت، بریتی بوو لە کاریگەری لەسەر لایەنی فکری و زانستی، بە تایبەت لە ئەورووپا.

سەبارەت بە ئاستی یەکەمی پەیوەندیی لایەنی فکری و زانستی بە شاڵاوەکانی خاچییەکانەوە، کە خۆی لە ڕۆڵی خوێندەوارەکان لەم شاڵاوانەدا دەبینیەوە، کە لەپێش دەستپێکردنی هەڵمەتەکەدا دەبیندرێت، یەکێک لەو چینانەی ڕۆڵی بینی لە هاندانی ئەورووپیەکان بۆ بەشداریکردن لەم شاڵاوانە خوێندەوارەکان بوون، ئەو خوێندەوارانەی کە لە کەنیسە و دامەزراوە ئاینییەکانەوە پێگەیشتبوون و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئاینی بوون، کە لەپێشتردا ئاماژە بە کاریگەریی ئاین و فکری ئاینی لەسەر شاڵاوی خاچییەکان کرا، لەدوای دەستپێکردنی شاڵاوەکانیشدا ڕۆڵی زانا و خوێندەوارەکان وەک نمایندەی لایەنی فکری و ڕۆشنبیری و زانستی ئەوکات لەم شەڕانەدا زیاتر دەبێت (الشارتری، 1990، ص31؛ بسام العسلي، د.س، ص 26-34).

لەناو موسڵمانانیشدا، پێشەوایانی فکر و زانست لەو سەردەمەدا، کە زانایان و ئەدیبان بوون، بە تایبەت لە شام و جەزیرەی فوراتی، کە ناوچەی بە ئامانج گیراوبوون لە لایەن خاچییەکانەوە و شاڵاوەکان زیاتر بۆسەر ئەو ناوچانە بوون، دەستیانکرد بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانی هاتنی خاچییەکان، دوای داگیرکردنی شاری ڕها لە ساڵی (1097ز) و گەمارۆدانی شاری ئەنتاکیە لە هەمان ساڵدا، زانایانی موسڵمان ڕایانگەیاند شەڕکردن لە دژی خاچییەکان فەرزی عەینە و پێویستە موسڵمانان بەشداری تێدا بکەن (عبير أحمد عطا الله المحاسنة، 2002، ص64).

لە ساڵی (1098ز)دا، یەکێک لە زانا موسڵمانەکان، کە لەهەمان کاتدا دادوەر بوو بە ناوی (زين الدين الهروى) (م.لە 519 ک/ 1125ز)، سەرۆکایەتیی وەفدێک دەکات لە دیمەشقەوە بۆ بغداد بەڕێدەکەون، بە ئامانجی بەدەستهێنانی پشتیوانیی خەلافەتی عەباسی، بە قسەکانیان دەربارەی مەترسییەکانی شاڵاوی خاچییەکان ئامادەبووانیان هێناوەتە گریان و یەکێک لە قەصیدە شیعرییەکانی زمانزان و شارەزای زانستی نەحو و ڕەچەڵەک و وانەکان و ئەدیبی گەورە و خاوەنی دیوانە شیعر، محمد بن أحمد الأبيوردى (ت 507ک/ 1113ز) خوێندراوەتەوە، لەم قەصیدە شیعریەدا، سەرەڕای خستنەڕووی بارودۆخی خراپی خەڵکی شام بەدەست ئەم

شاڵاوانەوە، پێویستی وەڵامدانەوەیەکی توندی خاچپییەکانیش خراوەتەڕوو (عبير أحمد عطا الله المحاسنة، م.س، ص68 – 69).

ئەم شاڵاوانە هێندە کاریگەرییان لەسەر زانایانی موسڵمان لەناو جیهانی ئیسلامیدا هەبوو، کە بووەتە هۆی دانانی چەندین داندراو و دەرکردنی چەندین فەتوا، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەم شاڵاوانەوە هەبووە، گرنگترین ئەو بابەتانەشی ببوونە جێگای مشتومڕی زانایان، بریتیبوون لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی موسڵمانان لەگەڵ خاچپییەکان و مافی موسڵمانان لەو موڵک و سامانانەی کە لە خاچپییەکان وەریدەگرنەوە، نەکوشتنی پیاوانی ئاینی، ڕوونکردنەوەی گەورەی جیهاد و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکاندا، ڕاستکردنەوەی بەشێک لە ڕەفتارە هەڵەکانی هەندێک لە چینەکانی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی، کە کاریگەریی خراپیان لەسەر بەرەی موسڵمانان لەکاتی شاڵاوەکاندا هەبوو (لؤي البواعنة، د.س، ص94 – 96).

هاوشان لەگەڵ زانایان و ئەدیبان، دامەزراوە زانستییەکانی وەک قوتابخانەکان، بەشدارییەکی کاریگەریان لە جوولانەوەی فکری و جیهادکردن لە دژی خاچپییەکان هەبوو، لەو قوتابخانانەوە ژمارەیەکی زۆر زانا پێگەیشتن، کە ڕۆڵیان لە هاندان و تەیار و ئامادەکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچپییەکان لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەت میسر و شامدا بینیوە (لؤي البواعنة، د.س، ص103).)، لە سەردەمی ئەتابەگییەی زەنکی (521–648ک/1127–1250ز) و فەرمانڕەوایی سەلاحەدینی ئەیوبی (567–589ک/1174 – 1193ز) و دواتریش، ڕۆڵی زانایان و ئەدیبان وەک چینە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکەی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی لە جەنگی خاچپییەکاندا زیاتر دەبێت (عبير أحمد عطا الله، 2002، ص ص 80 – 89، 125 – 192؛ لؤي البواعنة، د.س، ص ص 237 – 278).

هەروەها لەماوەی شاڵاوەکانی خاچپییەکاندا و تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکانیش ژمارەیەک پەرتووک لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو جەنگانەدا نووسران، لەو پەرتووک و نووسراوانەدا، جەخت لەسەر لایەنی گرنگی جیهادکردن کراوەتەوە، لە گرنگترین ئەو نووسراوانەش، نووسراوەکانی (أبو الحسن علي بن طاهر السلمي) (م. لە 500 ک/ 1106ز)، هەروەها چەندین پەرتووکی مێژوویی لەلایەن موسڵمانانەوە نووسران، کە هەمووی یان بەشێکی پەرتووکەکە بۆ باسکردن لەم جەنگانە تەرخانکراوە، لە گرنگترین ئەو پەرتووکانەش (تأريخ دمشق ابن عساكر) (م. لە 571ک/ 1175ز)، (الكامل فى التأريخ ابن أثير) (م. لە 630ک/ 1232ز)، (مرآة زماني سبط ابن الجوزی) (م. لە 654ک/ 1256ز)، چەندین پەرتووک و نووسراوی دیکەش (لؤي البواعنة، د.س، ص 346 – 359).

بەمشێوەیە دەبیندرێت، کە لەسەر ئاستی یەکەمی پەیوەندی و کاریگەریی جەنگی خاچییەکان بە لایەنی رۆشنبیری و فکری و زانستییەوە، هەر لە سەرەتای شالاوەکانەوە، زانایان و ئەدیبان و قوتابخانەکان رۆڵیان لەم جەنگەدا هەبووە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم جەنگانەوە، چ لەرێی هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە جەنگدا بووبێت، یاخود لەرێگای نووسینی پەرتووک و نووسراودا دەربارەی ئەو جەنگانە، سەبارەت بە ئاستی دووەمی پەیوەندی و کاریگەریی شالاوەکانی خاچییەکان، لەسەر لایەنی رۆشنبیری و فکری و زانستی، کە خۆی لە دەرئەنجامەکانی ئەو شالاوانەدا دەبینێتەوە، دەبیندرێت کەوا شالاوەکانی خاچییەکان کۆمەڵێک دەرەنجامی زانستی و رۆشنبیری و فکری بەدوای خۆیدا هێناوە، کە لە باسی دووەمدا، تیشک خراوەتە سەر گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە.

## تەوەرەی دووەم

## کاریگەریی شالاوەکانی خاچییەکان لەسەر لایەنی زانستی و رۆشنبیری

### یەکەم

### کاریگەریی شالاوەکانی خاچییەکان لەسەر لایەنی زانستی و رۆشنبیری ئەورووپییەکان

شالاوەکانی خاچییەکان، تەنها دەرئەنجامی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵکو یەکێک لە کاریگەرییە هەرە دیار و بەرچاوەکانی ئەم شالاوانە، بریتی بوو لە کاریگەری لەسەر لایەنی فکر و زانست و رۆشنبیری، لە سەدەی دوازدەهەمدا، ئەورووپا جووڵانەوەیەکی رۆشنبیری بەخۆیەوە بینی، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم جوڵانەوەیە بریتی بوو لە شالاوەکانی خاچییەکان (محمود سعيد عمران، د.س، ص211)، بەڵام کاتێک کە باسی کاریگەرییەکانی ئەم شالاوانە دەکرێت لەسەر لایەنی فکر و زانستدا، دەبێت دوو خاڵی گرنگ بەهەند وەربگیرێن، یەکەم: ئەم کاریگەرییانە لە شەو و رۆژێکدا نەهاتوونەتە بەرهەم و بەتەواوبوونی جەنگەکانیش کۆتاییان نەهاتووە (قاسم عبد قاسم، 1990، ص182). دووەم: لە رووی فکری و زانستییەوە، زیاتر ئەورووپییەکان سوودمەندی ئەو جەنگانەبوون، تەنانەت بەشێک لە نووسەران، کاریگەریی ئەم شالاوانە لەسەر لایەنی فکری و زانستیی ئەورووپییەکان هێندە بە چاوێکی پڕ بایەخەوە سەیردەکەن، تا ئەو ئەندازەیەی بە پێویستی دەزانن، لە رۆژئاوادا مێژووی شالاوەکانی خاچییەکان وەک بەشێک لە مێژووی شارستانیەت هەژماربکرێت (زكي نقاش، 1958، ص194).

لە ڕووی شارستانییەوە ئەم شەڕانە وای لە ئەورووپییەکان کرد، ئاگاداری شارستانیەتی گەلانی ڕۆژهەڵات بە موسڵمانەکان و بیزەنتینییەکانەوە بن، چەندین لایەنی شارستانییان لێوەربگرن (محمود شاکر، 2011، ل405)، هەروەها شاڵاوەکانی خاچییەکان یەکێک لەو ڕێگا و دەروازە گرنگانە بوو، کە لێیەوە شارستانیەت و ڕۆشنبیری و فکر و زانستی موسڵمانان بۆ ئەورووپا چوو، لەوێش کاریگەری لەسەر ئەورووپییەکان دروستکرد (أسامة بن منقذ، د.س، ص ص 133، 136؛ سعيد عبدالفتاح عاشور، 1963، ص 59؛ عمار محمد النهار، محمد شعلان الطيار، 2015 – 2016، ص235)

ئەم شاڵاوانە هۆکارێکیش بوون بۆ هاتنی ژمارەیەک لە گەڕیدەی ئەورووپی بۆ ئەو ناوچانەی موسڵمانان، کە لەلایەن خاچییەکانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، لە نموونەی (سایلوف)، کە لەنێوان ساڵەکانی (496-497ک/1102-1103ز) گەشتی بۆ فەلەستین ئەنجامداوە، (الحاج الروسی دانيال الراهب)، لەنێوان ساڵەکانی (500-501ک/1106-1107ز)، گەشتی ئەنجامداوە، لەگەڵ چەندانی دیکەشدا (رشاد عمر المدنی،2005، ص ص109-115)، ئەم شاڵاوانە ڕێگاخۆشکەریش بوون بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆر فێرخواز لە وڵاتانی ئەورووپییەوە بۆ شام، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، ئەو قوتابخانانەشی کە تیایدا دەیانخوێند، زمانی خوێندن عەرەبی بوو، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی لەناو خاچییەکاندا (عبدالله بن عبدالرحمن الربيعی، 1994، ص54؛ سعيد عبدالفتاح عاشور، 1963، ص59)، زانست و زانیارییەک، کە لە ڕۆژهەڵات هەبوو، لە ڕێگەی زانا ئەورووپییەکانەوە، کە بە مەبەستی خوێندن و دەستخستنی زانیاری بۆ وڵاتانی ئیسلامی دەهاتن، بۆ وڵاتانی ئەورووپی چوو، لەو زانایانەش (أدلارد أوف باث) کە لە ماوەی ساڵانی (497ک/1104ز) بۆ (500ک/1107ز) چووەتە قودس و ئەنتاکیە و سوریا و میسر و لوبنان، توانیویەتی لەو گەشتانەیدا، کە بۆ ئەو ناوچانە ئەنجامیداون، شارەزایی لە زانستەکانی سروشت و گەردووناسی و بیرکاری بەدەستبهێنێت و زانیاری دەربارەی ڕۆشنبیریی عەرەب کۆبکاتەوە، کاتێکیش گەڕاوەتەوە ئینگلتەرا پەرتووکێکی نووسیوە (عبدالعزيز بن راشد العبيدي، د.س، ص15).

گواستنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی بۆ وڵاتانی ئەورووپی، تەنها لە ڕێگەی ئەو فێرخواز و زانا ئەورووپییانەوە نەبوو، کە دەهاتن بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵکو دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا ئەورپییەکانیش پشکیان لە بردنی ئەم شارستانییەتەدا هەبووە، دوای گەڕانەوەی (ریتشاردی یەکەم) (م.لە 595ک/1199ز)ی پادشای ئینگلتەرا، کە بە (قلب اسد)یش ناسرابوو بۆ وڵاتەکەی خۆی، کە سەرکردایەتیی هێرشی سێیەمی خاچی لە ساڵی (588ک/1192ز)دا کردووە، داوای

لە هاوڕێکەی کرد ، کە سەرسام بوو بە شارستانیی ڕۆژهەڵات، ولاتەکەی هاوشێوەی شارە ڕۆژهەلاتییەکان پێشبخات (عبداالله بن عبدالرحمن الربیعی، 1994، ص148).

لەنێو ئەو خاچییانەی هاتنە ڕۆژهەڵات، نەوەیەکی نوێ پەیدابوو، کە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەهێزبوون، جگە لەوەش لەنێو چینە خانەدانەکەی خاچییەکانیشدا خەڵکانێک پەیدابوون، کە نەیانتوانی بەرانبەر ئەو تەوژمە زانستییەی لە ناوچەکەدا هەبوو خۆیان بگرن، هەربۆیەش هەنگاویان بەرەو پڕکرنی خۆیان لە ڕووی زانیارییەوە هاوێشت، بە تایبەتیش وەرگرتنی زانیاری دەربارەی یاسا و سیستەم، لەنێو ئەو چینەدا خەڵکانی شارەزا پەیدابوون، لەوانە (یوحنا الابلینی، جیرار المونریالی) و چەندانی دیکە، ئەمانە تەنها بەوەوە نەوەستان زانست و زانیارییەکان وەربگرن، بەڵکو بەشداریی فراوانکردنی ئەو جوولانەوە زانستییەشیان کرد، کە لە سەدەی دوازدەهەمدا لە میسر و سوریادا هەبوو، لەم نێوەندەشدا سریانەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە پەیوەندیی زانستییانە و شارستانییانەی نێوان موسڵمانان و فەرەنجەکاندا بینی، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بوونە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (زکی النقاش، 1958، ص ص 195-196).

لەدوای هاتنی خاچییەکانیش بۆ ڕۆژهەڵات و دەستگرتنیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا، کە پێشتر لەژێر دەستی موسڵمانەکاندا بوون، وردەوردە لەگەڵ موسڵمانان تێکەڵاو دەبوون و بەرەو پێشکەوتن و شارستانیەت هەنگاویان دەنا (عبدالعزیز بن راشد العبیدي، د.س، ص15)، توانیان سوود لە چەندین زانستی موسڵمانان ببینن و کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو زانستانەی کە لەنێو موسڵماناندا هەبوون، چەندین زانست لە لایەن خاچییەکانەوە بوونە جێگای بایەخ و گرنگیپێدان، هەروەها ئەم شالاوانە چەندین کاریگەریی ڕۆشنبیری و زانستیی جۆراوجۆری لەسەر ڕۆژئاواییەکان بەجێهێشتووە، کە لەم تەوەرەیەدا، ئاماژە بە گرنگترین ئەو زانست و لایەنە ڕۆشنبیرییانە دەکەین، لەوانەش:

**1. مێژوو:**

لە سەرەتای هاتنی خاچییەکان بۆ ڕۆژهەڵات، یەکێک لەو زانستانەی گرنگیپێدراوە، زانستی مێژوو بوو، ژمارەیەکی زۆر مێژوونووسی ئەورووپی دەرکەوتن، کە لە ڕێگەی پەرتووکەکانیانەوە چەندین زانیارییان لەسەر شەڕەکانی خاچییەکان بۆ بەجێهێشتووین، لە گرنگترین ئەو مێژوونووسانەش بریتی بوون لە نورماندی، خاوەنی پەرتووکی (حرکة الفرنج)، کە باسی هەڵمەتی یەکەمی خاچییەکان دەکات (زکی نقاش، 1958، ص200)، هەروەها (مؤلف المجهول)، کە مێژوونووسێکی نادیارە و بەشداری شەڕی یەکەمی خاچییەکانی کردووە، ڕووداوەکانی ئەو شالاوەی لە پەرتووکێکدا بە ناوی (اعمال الفرنجة و حجاج بیت المقدس)

تۆمارکردووە، هەروەها (فۆرشیە شارتەری) (م. لە 521ک/1127ز) و (ولیام صوری) (م.لە 665ک/ 1185ز) و چەندین مێژوونووسی دیکە، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم شاڵاوانەیان خستووەتە بەرباس (سۆزان فیصل عبدالرحمن، 2017ز، ل ل13 – 31؛ عبداالله بن عبدالرحمن الربیعی، 1994، ص ص 67-93)، مێژوونووسانی خاچییەکان تەنها بایەخیان بە شەڕی خاچییەکان نەداوە، بەڵکو ئاوڕیان لە مێژووی فەرمانڕەوایانی موسڵمانانیش داوەتەوە، لەو کاتەوەی پێغەمبەر (سڵاوی خودای لەسەر بێت) دەرکەوتووە، تائێستاش بەشێک لەنێو پەرتووکی ولیەم صوەری هەیە و پارێزگاری لێکراوە، کە ناونراوە (توێژینەوەیەک لە بارودۆخی عەرەب) (زکی نقاش، 1958، ص200).

## 2. پزیشکی:

یەکێک لەو لایەنە زانستییانەی ڕۆژهەڵات، کە ئەورووپییەکان پێی سەرسام بوون، لایەنی پزیشکی بوو (عمار محمد النهار، محمد شعلان الطیار، 2015-2016، ص235، عبدالعزیز بن راشد العبیدي، د.س، ص17)، لە ڕووی پزیشکییەوە بە بەراورد بە ئەورووپییەکان موسڵمانەکان زۆر پێشکەوتووتر بوون، تەنانەت کەنیسەی مەسیحی بە پاساوی ئەوەی کە نەخۆشی سزای خودایە بۆ مرۆڤەکان، کاری پزیشکی قەدەغەکردبوو، ئەم پیشەیە کەوتبووە دەستی پیاوانی ئاینییەوە (محمد العروسی المطوي، 1982، ص162).

لەو ڕووداوانەی ئوسامەی کوڕی منقذی نووسەری پەرتووکی (الاعتبار)ی هاوچاخی شەڕەکانی خاچییەکان بۆمان دەگێڕێتەوە، دواکەوتوویی لایەنی پزیشکیی خاچییەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە دەڵێت: جارێکیان پادشای ناوچەی (المنیطرة)، (کە ناوچەیەک بوو لە وڵاتی شام نزیکی شاری تەرابلس، قەڵای هەبووە) (یاقوت الحموی، 1995، ج5، ص217)، داوای لە مامم کرد، کە پزیشکێکی بۆ چارەسەرکردنی دوو نەخۆش بۆ بنێرێت، ئەویش پزیشکێک دەنێرێت، دوای (10) ڕۆژ پزیشکەکە دەگەڕێتەوە، کاتێک پرسیار لە پزیشکەکە دەکەن بۆچی ئاوا زوو گەڕایتەوە؟ ئەویش دەڵێت: کەسێکیان بۆ هێنام سوارچاک بوو، لە قاچیدا وەرەمێک هەبوو، ئافرەتێکیش تووشی نەخۆشیی دەمارەکان ببوو، مەڵحەمێکم بۆ سوارچاکەکە بەکارهێنا و چاکبوویەوە، بەڵام ئافرەتەکە چەند سیستەمێکی خۆراکی بۆ دانرا بۆئەوەی میزاجی باش بێت، و پزیشکێکی ئیفرنجی هات و وتی: ئەو پزیشکە موسڵمانە هیچ دەربارەی چارەسەرکردن نازانێت، پرسیاری لە سوارچاکەکە کرد و پێیوت: ئایا دەتەوێت بە یەک قاچ ژیانت بگوزەرێنی یان هەردوو قاچەکانت لەناو بچن؟ وەڵامیدایەوە: حەز دەکەم بە یەک قاچ بژیم، هەربۆیەش تەورێک و پیاوێکی بەهێزی ئامادەکرد، قاچی پیاوە نەخۆشەکەی درێژکرد و فەرمانی کرد بە یەک لێدانی زۆر بەهێز لاقەکەی بپەڕێنێت، دوای یەکەم لێدان، کە بەر قاچی کەوت، نەیتوانی

بەرگەی لێدانی دووەم بگرێت و بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە مرد، دەربارەی ئافرەتەکەش، پزیشکە ئیفرینجییەکە وتی: ئەو ئافرەتە جنۆکەی چۆتە ناو لەشیەوە، هەربۆیەش سەری تاشی، سیر و خەرتەلی دەرخواردداو بە شێوەیەکی زۆر خراپ بارودۆخی ئافرەتە نەخۆشەکە تێکچوو، پزیشکە ئیفرنجییەکەش وتی: جنۆکە لەسەریەوە چۆتە ژووری، هەربۆیەش لە شێوەی خاچ سەری قڵیشاند، پاشان خوێی تێکرد و یەکسەر وەفاتیکرد (أسامة بن منقذ، د.س، ص133)، جارێکیشیان سوارچاکێک لەلایەن یەکێک لە قەشەکانەوە چارەسەر دەکرێت، قەشەکە دوو پارچە مۆمی بچووک دەخاتە ناو هەردووک کونە لووتیەوە، بەڵام بەهۆیەوە دەمرێت، پرسیاری لێدەکەن ئەو پیاوەت بۆ کوشت؟ قەشەکە لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ کوشتم، چونکە ئەو پیاوە بە ئازارێکی زۆرەوە دەیناڵاند، بەم ڕێگایە توانیم ئاسوودەی بکەم (أسامة بن منقذ، د.س، ص136).

ئەم ڕووداوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆکرا، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ڕۆژهەڵات لە بواری پزیشکییەوە زۆر لە ڕۆژئاوا پێشکەوتووتر بووە، هەربۆیەش فێرخوازان لە وڵاتانی ئەوروپییەوە بۆ وڵاتی شام بە تایبەت بۆ شاری تەرابلوس بۆ خوێندنی زانستی پزیشکی دەهاتن، فێری زمانی عەرەبی دەبوون و دەیانتوانی قسەی پێ بکەن (عدنان خلف سرهيد الدراجي، ٢٠١٨، ص46)، هەروەها چەندین پەرتووکی پزیشکی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێڕدران، یەکێک لە پەرتووکە پزیشکییە بەنێوبانگەکانیش پەرتووکە پزیشکییەکەی (عەلی کوڕی عەباسی مەجوسی) (م.لە 384ک/994ز) بە ناوی (كتاب كامل الصناعة الطبية) بوو، کە (ستیڤین البيزوى) لە ساڵی (521ک/1127ز) لە ئەنتاکیا وەریگێڕا، ئەم پەرتووکە لە ئەوروپادا زۆر بڵاوبوویەوە، سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو قوتابخانە پزیشکییانە بوو، کە لە شاری سالیرنۆ دامەزرابوون (عبدالعزيز بن راشد العبيدي، د.س، ص16).

دوای ئەوەی پەرتووکی (الحاوى) زانای بەنێوبانگی موسڵمانان (أبوبكر رازى) (م.لە 313ک/925ز)، لەلایەن ئەوروپییەکانەوە وەرگێڕدرا، بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ لەبواری پزیشکیدا و لە ئەوروپا سوودی زۆریان لێ بینی، تەنانەت بۆماوەیەک کۆلێژی پزیشکی پاریس تەنها یەک پەرتووکی پزیشکی هەبووە، ئەویش ئەم پەرتووکە بووە، هەروەها هێندە سەرسام بوون بەم نووسەرە موسڵمانە، وێنەکەیان لە هۆڵێکی گەورەی شەقامی (سان جێرمان) هەڵواسیبوو، دوای وەرگێڕانی پەرتووکی (قانون)ی (ابن سینا)ش (م. لە 427ک/1037ز)، هەندێک لە زانکۆ ئەوروپییەکان ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیان لەم پەرتووکەدا، بۆ فێرخوازەکانیان کردبوو بە مەرجی بوون بە پزیشک (عبدالعزيز بن راشد العبيدي، د.س، ص17).

هەروەها ئەوروپییەکان لەژێر کاریگەریی موسڵماناندا، چەندین نەخۆشخانە و دەرمانخانەیان کردەوە، کە بە چارەسەرکردنی خەڵکی هەژار و لێقەوماو تایبەتبوون، ئەم جۆرە نەخۆشخانە و دەرمانخانانە، زیاتر لە سەدەی دوازدەهەمدا لە ئەوروپادا بڵاوبوونەوە (زكي النقاش، 1958، ص209)، بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەوروپییەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی زانستی پزیشکیی موسڵمانانەوە، تەنانەت پشتبەستنی ئەوروپییەکان بە زانستی پزیشکیی موسڵمانەکان، تاوەکو سەدەی شازدەی زاینیش بەردەوام بوو (وليام مونتغمري واط، 2016، ص122).

### 3. زمانەوانی:

یەکێک لە کاریگەرییە ڕۆشنبیری و زانستییە دیارەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان کاریگەریی لە ڕووی زمانەوانییەوە بوو، لەنێو خاچییەکاندا خەڵکانێک بە دەسەڵاتدارانیشەوە پەیدابوون، کە زمانی عەرەبییان دەزانی (محمود محمد الحويري، 1979، ص220)، (ابن جبير) (م.لە 614ک/1217ز) لە گەشتامەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە شاری (عەکا)دا، قافڵەیەکی بازرگانیی خاچییەکانی بینیوە، خەڵکانێکی لەناودا هەبوون، کە توانیویانە بە زمانی عەرەبی هەم قسە بکەن هەم بنووسن (ابن جبير، د.س، ص248)، هەروەها (رينو الصيداني)، کە لە مێژووی عەرەب شارەزابووە، لەو کەسانەبووە زمانی عەرەبی زانیوە، هەروەها (بلدوين الابليني)، کە وەرگێڕی (لويسى نۆيەم) بووە، زمانی عەرەبی زانیوە (زكي النقاش، 1958، ص ص197-198). لەلایەکی دیکەوە، دامەزراندنی چەند قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی لەلایەن چەند شارێکی ئەوروپییەوە، لە دیارترین کاریگەرییەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان بوو، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە ئاینی و ئابوورییەکانیان بووە (جڤری برۆن، 2009، ل277)، لەگەڵ هاتنی نێردراوە ئاینییەکانیش بۆ ڕۆژهەڵات، گرنگیدان بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان زیاتر بوو، یەکێک لە بانگەشەکارانی ئاینی مەسیحی لە کۆڕی (فیین) (ئەو کۆڕەبوو، کە لە ساڵی (711ک/1311ز) لە ئەوروپا ئەنجامدرا)، داوای کردنەوەی شەش قوتابخانەی بۆ فێربوونی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کرد (زكي النقاش، 1958، ص198).

لێرەوە تێکەڵاوی لە نێوان زمانە ئەوروپییەکان و زمانی عەرەبیدا دروستبوو، چەندین وشەی ناو زمانی عەرەبی بۆ ئەوروپا چوون و لەناو زمانە ئەوروپییەکاندا بوون بە وشەی ئاسایی و ڕۆژانە لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بەکاردەهاتن، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەشێک لەو وشانە، لەنێو زمانە ئەوروپییەکاندا بەکاردەهێندرێن، وەکو وشەی (تعريف)ی زمانی عەرەبی، کە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (tariff) و لە زمانی فەرەنسیدا (tarif) و لە زمانی ئیسپانی و پورتوگالیدا (tarifa)ی بۆ بەکاردێت، هەروەها وشەی (سكر)ی عەرەبی، لە زمانی ئینگلیزیدا (sugar) و لە زمانی فەرەنسیدا (sucre) و لە زمانی ئیسپانیدا (azucar)ی بۆ بەکاردێت

(عبدالله بن عبدالرحمن الربيعي، 1994،ص ص 55-56)، جگە لەم وشانە چەندین وشەی دیکەی زمانی عەرەبی خۆیان خزاندە ناو زمانە ئەوروپییەکان، وەکو (الجبر, السكر, ليمون، الحرير، الموصلی، عود، النقارة..هتد) (رشاد عمر المدني، 2005، ص116؛ ارنست باركر، د.س، ص ص 151-152)، هەروەها لە ڕۆژئاوا لێکۆڵینەوە لە زمانی عەرەبی بوو بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی زانکۆکانی ئەوروپا و کورسیی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان تەرخانکرا، بە تایبەت لە زانکۆکانی پاریس و لوقان و سلامنكا (عدنان خلف سرهيد الدراجي، 2018، ص46).

### 4. ویژە:

لە ڕووی ویژەشەوە، ئەوروپییەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ویژەی ڕۆژهەڵات، بەشێک لە شاعیرەکانیان بۆ نموونە (غودفروا رتانكرد) (شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە لە ساڵی 803ک/1400ز) ، هەندێک بابەتی چیرۆکەکانیان لەو شاعیرە گەڕۆکانە وەرگرتووە، کە لەنێوان کۆشکەکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتوچۆیان کردووە، هەروەها چەندین چیرۆکی ڕۆژهەڵاتیان وەرگرتووە، ئەفسانەی (کوپی پیرۆز)یان (کە یەکێکە لە ئەفسانە و چیرۆکە مێژووییە بەنێوبانگەکانی مەسیحییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا)، لە ڕۆژهەڵات وەرگرتووە، کە ڕەچەڵەکی ئەم ئەفسانەیە (شامی)یە, هەروەها (بوکاشیو) (م. لە 777ک/1375ز)ی گەورە نووسەری ئەوروپا، لە نووسینی پەرتووکی دیکامیرۆندا، سوودی لە چیرۆکە ڕۆژهەڵاتییەکان وەرگرتووە، ئەم شالاوانە بوونە هۆکاری نووسینی چەندین شیعر لە لایەن شاعیرانی خاچییەکانەوە، لەوانە شیعری امروازی ئینگلیزی، کە باسی هەڵمەتی سێیەمی خاچییەکان دەکات، هەروەها گۆرانیی ئەنتاکیە (زكي نقاش، 1958، ص ص198 – 199). لەلایەکی دیکەوە، لە ڕووی ویژەوە، چەندین بەرهەمی ویژەیی، کە لەناو موسڵماناندا بڵاوبوون، بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێڕدران، لەوانە (ألف ليلة وليلة و كليله ودمنة) (ئاراس فەریق زەینەڵ، 2011، ل297).

### 5. جوگرافیا:

یەکێکی تر لەو زانستانەی کە خاچدروشمان دوای هاتنیان بۆ ڕۆژهەڵات گرنگییانپێداوە، بریتیبوو لە زانستی جوگرافیا، یەکێک لە بەرهەمە جوگرافییەکانی ئەو سەردەمە بریتیبوو لەو دەستنووسە لاتینییەی کە بە ژمارە (4939) لە کتێبخانەی نیشتیمانیی پاریس پارێزراوە، مێژووەکەی بۆ ساڵی (710ک/1310)ز دەگەڕێتەوە، کە نەخشەیەکی نیوەگۆی زەوی و دوو نەخشەی زەوییە پیرۆزەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها ئەتڵەسی (بيترو فيسكونتي) (زانای ئاینی و شارەزا لە زانستی جوگرافیا لە سەدەی (8ک/14ز)، کە لە نۆ نەخشە پێکهاتبوو و کۆی دەریای

ناوەڕاستی لەخۆدەگرت و لە مۆزەخانەی کورار لە بندوقیە پارێزراوە، مێژووەکەی بۆ ساڵی (718ک/1318ز) دەگەڕێتەوە، هەروەها دەستنووسێکی دیکە لە (پەرتووکخانەی ڤاتیکان (پەرتووکخانەی نیشتیمانیی دەوڵەتی ڤاتیکان) پارێزراوە بە ژمارە (1960)، مێژووەکەی بۆ سەرەتای سەدەی چواردەیەم دەگەڕێتەوە، لەگەڵ بوونی چەند وێنەیەکی پیرۆزی شارەکانی (قودس و عەکا و ئەنتاکیە) و نەخشەی هەریەک لە (ئیتاڵیا) و (نابلی و صقلیە) و (زەویەکانی بندوقیە) (زکی نقاش، 1958، ص ص201 – 202).

### 6. بیرکاری:

زانستی بیرکاری لەلای خاچییەکان زانستێکی گرنگ بوو، گرنگیپێدانی ئەم زانستەش لەلای ئەوان بە پلەی یەکەم بۆ ئەندەلووسییەکان دەگەڕێتەوە، دواتر بۆ ڕۆژهەڵات، واتە لە دوو ڕێگاوە ئەورووپییەکان شارەزاییان لە زانستی بیرکاریی موسڵمانان وەرگرتووە، ڕێگای یەکەمیان وڵاتی ئەندەلووسە، ڕێگای دووەمیشیان بریتییە لە ڕۆژهەڵات، لیوناردو فیبوناش، کە یەکێک بوو لە زانا ئەورووپییەکان لە بواری جەبردا و لە سەردەمی فریدریکی دووەمدا ژیاوە، دوای هاتنی بۆ سوریا و میسر، پەرتووکێکی دەربارەی ژمارە چوارگۆشەکان پێشکەشی ئەو پاشایە کردووە و ڕۆڵی زۆری لە بڵاوکردنەوەی ژمارەکان لە ئەورووپا هەبووە، هەروەها پێشکەوتنی زانستی ژمێریاری دەربارەی بازرگانیکردن لە نێوان ئیتاڵیا و وڵاتی شام بۆ ئەو دەگەڕێتەوە (زکی نقاش، 1958، ل203).

جگە لەم زانستانەی لەسەرەوە باسکران، ئەورووپییەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی زانستی گەردووناسی و ئەستێرەناسیی موسڵمانانەوە، لەم بوارەشدا چەندین بەرهەمی موسڵمانان وەرگێڕدران (عبدالعزیز بن راشد العبیدی، د.س، ص18)، هونەری ئیسلامیش یەکێکی دیکەیە لەو لایانەنە، کە خاچییەکان کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە (زکی النقاش، 1958، ص ص202-203)، هەروەها فەلسەفەش یەکێک بوو لەو بوارانە، کە دوای هاتنیان بۆ ڕۆژهەڵات، ئەورووپییەکان پێی کاریگەربوون، دوای دۆزینەوەی دەستنووسێکی عەرەبی، پەرتووکی (سر الاسرار)، کە دراوەتە پاڵ ئەرستۆی (گەورە فەیلەسووفی یۆنانی)، وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی و بوو بە یەکێک لە پەرتووکە بەربڵاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، هەروەها دەربارەی (بەلەدوینی یەکەم)یش (493-512ک/1100-1118ز) کاتێک لە وڵاتی سوریا بووە گوتراوە، یەکێک لەو بوارانەی کە بەدواداچوونی لەسەر کردووە، بریتی بووە لە فەلسەفە (زکی النقاش، 1958، ص ص 209-210).

ئەورووپییەکان تەنها بە وەرگێڕانی پەرتووکە فکری و زانستییەکان نەوەستان، بەڵکو قورئانی پیرۆزیشیان وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی (حسن إبراهیم حسن، 2010، ص240)،

لەلایەن بانگخوازانی مەسیحیشەوە، ئینجیلیش بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێردرا (جڤری برۆن، 2009، ل278).

هەروەها لەلایەن خاچییەکانەوە ڕاویژ بە زانایانی عەرەبی و وڵاتی شام لە بوارەکانی پزیشکی و بیرکاری و فەلسەفە دەکرا (ئاراس فەریق زەینەڵ، 2011، ل296، زکی نقاش، 1958، ص ص 196 – 197)، تەنانەت لەناو چینی فەرمانڕەواکانیاندا خەڵکانێک دەرکەوتن، کە بە زانست و فکری ڕۆژهەڵات سەرسامبوون، لەوانە (فەرەدریکی دووەمی)ی پادشایان (617-648ک/ 1220-1250ز)، کە ماوەیەکیش پادشای بیت المقدس بوو (622-625ک/1225-1228ز)، کە کەسێکی ڕۆچوو لەناو بیرکاری و زانستەکانی تری عەرەبدا بوو (زغرید هونکە، 1993، ص91)، ڕێزی زانایانی ڕۆژهەڵاتی دەگرت و بە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات سەرسامبوو، نێردراوێکیش بە کۆمەڵێک پرسیاری ئەستێرەناسی و بواری جۆراوجۆرەوە بۆ لای زانای موسڵمان (کەمالەدینی کوڕی یونس) (م. لە 640ک/1242ز) دەنێرێت، ئەویش وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی دەداتەوە (عبدالله بن عبدالرحمن الربيعي، 1994، ص ص 99-100)، کە یەکێک لە زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی بوو، سەرەڕای ئەوەی شارەزای زانستە شەرعییەکان و فیقە بووە، لە موسڵ مامۆستای قوتابخانە بووە، شارەزای فەلسەفە و زانستی پزیشکی بووە (ابن ابي اصيبعة، د.س، ص410)، هەروەها شاڵاوەکانی خاچییەکان هۆکاربوون، بۆ ئەوەی هەزاران دەستنووسی عەرەبی بچنە ناو کتێبخانەکانی ئەوروپاوە (جفری بڤری برۆن، 2009، ل 279).

هەر لەژێر کاریگەریی موسڵمانانداو ئەوروپییەکان چەندین قوتابخانەی المشائية (فێربوون بە ڕۆیشتنەوە)یان لە وڵاتە ئەوروپییەکان کردەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە خوێندنی فەلسەفەی مەشائی دەردەکەوێت، کە لەنێوان ساڵانی (1220_1225) لە زانکۆی پاریس خوێندراوە (زكي النقاش، 1958، ص196).

لەلایەکی دیکەشەوە، شەڕەکانی خاچییەکان هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان سوود لەو پیشەسازییانە وەربگرن، کە لە ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئیسلامی هەبوون، (دروستکردنی شەکر و سابوون و زێڕ و زیو و کەلوپەلی جەنگی) و چەندین پیشەسازیی دیکە، لە نموونەی ئەو پیشەسازییانە بوون، کە لەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێردەستی خاچییەکانەوە، بەبایەخ و پێشکەوتوو بوون، کاتێک دێنە ناوچەکە سوودی زۆریان لێدەبینن (یوشع براور، 2001، ص ص433-434؛ رشاد عمر المدني، 2005، ص ص118-119؛ محمد كرد علي، د.س، ج4، ص ص157-158).

بەشێک لە نووسەرانیش پێیانوایە مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ سەردەمی ئەم شاڵاوانە دەگەڕێتەوە، کاتێک خاچپییەکان لەو جەنگانەدا لە بەرانبەر موسڵمانانادا شکستیانهێنا، بیریان لە ڕێگاچارەی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان کردەوە، هەروەک (لویسی نۆیەم) (623-669ک/1226-1270) ی پادشای فەڕەنسا داوای لە ڕۆژئاواییەکان کرد، کە پێویستە بە قەڵەم ڕووبەڕووی موسڵمانان ببنەوە، دواتر لە زانکۆکانی ئەوروپا گرنگیی زیاتر بە ناسینی ڕۆژهەڵات درا، چەندین قوتابخانە دەربارەی خوێندنی ڕۆژهەڵاتی کرانەوە (دیاری خالید مارف، ب.س.چ، ل44).

لە لایەکی دیکەوە، بەشێک لە مێژوونووسانی ئەڵمانی و فەڕەنسی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە شاڵاوی خاچپییەکان، کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕێنسانسی ئەوروپی هەبووە (عدنان خلف سرهید الدراجي، 2018، ص46)، ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامە زانستی و ڕۆشنبیرییانەی ڕۆژهەڵات، کە خاچپییەکان لەگەڵ خۆیان بردیانەوە بۆ ئەوروپا، بوونە بەردی بناغەی ئەم ڕێنسانسە (علی البیدکلی، 2007، ل202)، تەنانەت بەشێک لە مێژوونووسانی جیهان پێیانوایە، ئەگەر کارەکانی زانا موسڵمانەکان نەبوونایە، ئەوا زانایانی ڕێنسانسی ئەوروپی ناچاردەبوون لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو زانایانەوە دەستپێبکەن و سەرهەڵدانی شارستانیەتی ئەوروپی چەند سەدەیەک دوادەکەوت (جفری بڤری برۆن، 2009، ل 276).

هەروەها ئەم شاڵاوانە، هۆکارێکیش بوون بۆ گەڕانی ئەوروپییەکان بۆ گەیشتن بەچەند ناوچەیەکی نەزانراو، واتە ئەم شاڵاوانە کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوەی دۆزینەوەی جوگرافیش هەبوو (ئاراس فەریق زەینەڵ، 2011، ل308-309؛ محمود شاکر، 2011، ل ل526 – 527)، گەشتیارە ئەوروپییەکان، بە بەردەوامی پشتیان بە سەرچاوە ئیسلامییەکان دەبەست، بۆ زانینی ئەو بەشانەی جیهان کە لێیان نادیاربوون (جڤری برۆن، 2009، ل276)، بەشێک لە نووسەرانیش وایدەبینن گرنگیی دۆزینەوەی ناوەڕاستی ئاسیا لە سەدەی سیانزەیەمدا لەسەر دەستی ئەوروپییەکان، هیچی لە دۆزینەوەی ئەمەریکا لە سەدەی پازدەیەمدا کەمتر نییە، هەروەها جەنگی خاچپییەکان، کە بووە هۆی تێکەڵبوونی ئەوروپییەکان لەگەڵ گەلانی موسڵماندا، کۆتایی بە گۆشەگیریی ئەوروپییەکان هێنا و چاوی ئەوروپییەکانی بە ڕووی ڕۆژهەڵاتدا کردەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و زانستییان بەرزبوویەوە (شوقی ابو خلیل، 1996، ص589-590؛ تۆفیق، أمین، 2013-ب، ل271)، تەنانەت بەشێک لە نووسەران دەرکەوتنی (مارکۆپۆلۆ) (م. لە 724ک/1324ز) کە یەکێک بوو لە بازرگان و گەڕیدە و دۆزەرەوانی سەدەی (7ک/13ز) و دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا لە ساڵی (897ک/1492ز) لەلایەن (کۆلۆمبس)

(م. له 912ک/1506ز)ی گەڕیدە و دۆزەرەوەی ئیتاڵی و دۆزینەوەی ڕێگای (رأس الرجال الصالح) له ساڵی (903ک/1498ز) لەلایەن ماجەلانەوە بە یەکێک له کاریگەرییەکانی شاڵاوی خاچییەکان دادەنێن (حسن إبراهيم حسن، 2010، ص240).

هەر بەهۆی کاریگەریی شاڵاوەکانی خاچییەکانەوە، چەندین بزاڤ و شۆڕشی زانستی له ئەوروپا سەریانهەڵدا، هەر له شۆڕشە زانستییەکەی کۆپەرنیکۆسەوە بگرە تا شۆڕشی چاپەمەنیی گۆتەنبێرگ، کە بووە هۆی ئاسانبوونی پرۆسەی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هزرەکان و چەندین بزاڤ و شۆڕشی دیکەی زانستی و فکری، کە دواجار ئەم بزاڤ و شۆڕشانە، بوونە هۆی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی شارستانیەتی خۆرئاوا (على البيدكلى، 2007، ل ل202-203).

بەم شێوەیە دەبینین، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە ئەم جەنگانە بە سەرکەوتنی موسڵمانان کۆتاییهاتن، بەڵام مەسیحییەکان توانیان لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەویش لە میانەی ئەو توێشوە زانستییەی، کە لە ماوەی جەنگەکانیان لەگەڵ موسڵمانان چنگیانکەوت، بەم هۆیەشەوە توانیان ڕاپەڕینێکی فەلسەفی و زانستی بەرپابکەن (على البيدكلى، 2007، ل ل 191-192).

دەکرێت بوترێت، کە شاڵاوی خاچییەکان بۆچوونی هەڵەی ئەوروپییەکانی دەربارەی موسڵمانان ڕاستکردەوە، ئەم شاڵاوانە بوونە هۆی بینینی وێنەی ڕاستەقینەی موسڵمانان و وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئەمەش لە ڕێگای ئەو هەزاران جەنگاوەرانەی خاچییەکانەوە، کە بۆ وڵاتەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، لەگەڵ خۆیان هەواڵی زۆریان بردەوە، کە ناکۆک و دژ بوو لەگەڵ بانگەوازی پیاوانی ئاینی و کەنیسەی مەسیحی لە ئەوروپا، کە وا وێنایان کردبوو موسڵمانان بریتین لە کۆمەڵە خەڵکێکی بتپەرست و ئاژەڵی دڕندە و ترسناک، کە دەستیان بەسەر زەوییە پیرۆزەکاندا گرتووە، ئەو وێنەیەی جەنگاوەران لەگەڵ خۆیان بۆ ئەوروپایان بردەوە، بریتی بوو لە وێنەی کۆمەڵە خەڵکێکی ئاینداری یەکتاپەرستی خاوەن شارستانی (محمد العروسي المطوي، 1982، ص ص155-156).

نابێت ئەوەش لەبیربکرێت، کە شاڵاوەکانی خاچییەکان تاکە ڕێگای پەیوەندیکردنی شارستانیانەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و شارەزابوونی ئەوروپییەکان لە زانستەکانی موسڵمانان و مەعریفەی یۆنانی و ڕۆژهەڵات، کە پێشتر وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی نەبوون، بەڵکو ئەوروپییەکان زۆر زانست و زانیارییان لە چەندین ڕێگای ترەوە لە موسڵمانان وەرگرتووە، لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەش صقلیە و ئەندەلووس و پیشەی بازرگانی بوون (عبدالعزيز عبدالمطلب السيد، 2014، ص79).

### دووەم

### کاریگەریی شاڵاوەکانی خاچییەکان لەسەر لایەنی زانستی و ڕۆشنبیریی موسڵمانان

سەبارەت بە کاریگەریی ئەم شاڵاوانەش لەسەر وڵاتانی ئیسلامی، ئەم شەڕانە بوونە لەمپەر بۆ شارستانیەتی ئیسلامی، زیاتر کاولکاری و وێرانکارییان بۆ وڵاتانی موسڵمانان هێناوە، هۆکاری ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە خاچییەکان وەکو موسڵمانان شارستانی و پێشکەوتوو نەبوون (عیمادەدین خەلیل، 2019 ، ل282)، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە ئەم شەڕانە هیچ شوێنەوارێکی فکری و زانستییان لەسەر ڕۆژهەڵات بەجێنەهێشتبێت، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم شەڕانەدا، زانایان و چینە خوێندەوارەکەی ناو وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەت زانایانی ئاینی، کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم شەڕانەوە، کە لە باسی یەکەمدا بەشێکی ئەم کاریگەرییە ڕوونکرایەوە.

یەکێک لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم شاڵاوانە لەسەر لایەنی زانستی و ڕۆشنبیریی موسڵمانان، بریتی بوو لە وێرانبوونی بەشێک لە دامەزراوە زانستییەکانی موسڵمانان، کاتێک خاچییەکان پەلاماری شاری تەڕابلوسیان دا، سەرەڕای بەدیلگرتنی دانیشتوانەکەی، کەلوپەلەکانی خانەی زانستیی ئەو شارەشیان تالانکرد (المقريزی، 1996، ج3، ص43-44)، هەروەها پەرتووکخانەکەی شارەکەشیان سووتاند (زكي النقاش، 1958، ص 194)، یەکێک لە پەرتووکخانە گەورەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، کە بریتی بوو لە (مكتبة بنو عمار) (یەکێک لە پەرتووکخانە بەناوبانگەکانی شارستانیەتی ئیسلامی لە شاری تەرابلوس، لەلایەن دەوڵەتی بنو عمارەوە بنیادنرابوو)، شوێنی ملیۆنان پەرتووک بوو، لەلایەن خاچییەکانەوە سووتێندرا (رشاد عمر المدنی، 2005، ص ص78-79)، دوای ئەوەی لە ساڵی (492ک/1099ز) و دواتردا، دەست بەسەر شارەکانی (بيت المقدس) (سبط ابن الجوزي، 2013م، ج7، ص497) و چەندین ناوچەی دیکەدا لەلایەن خاچییەکانەوە گیرا، بەشێک لە دامەزراوە ئاینی و زانستییەکانی کرانە کەنیسە و سەربازگە یان ڕووخێندران (ابى الفداء، د.س، ج3، ص83؛ رشاد عمر المدنی، 2005، ص ص79-80).

بەڵام ئەم کاولکارییە نەبووە هۆکاری وەستان و متبوونی چالاکییە زانستییەکانی ئەم شارانە، بەڵکو لەدواتردا شاری تەرابلوس دەبێتە شوێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی گرنگی زانستی، فێرخوازان بە مەبەستی فێربوون ڕوویان لە قوتابخانە پڕ زانستەکانی ئەوێ دەکرد، کە چەندین مامۆستای بەناوبانگی ڕۆژهەڵات لە بواری پزیشکی و فەلسەفەدا، وانەیان لەم قوتابخانانەدا وتۆتەوە (زكي النقاش، 1958، ص 205).

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە هەرە دیارەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان لەسەر موسڵمان لە ڕووی ڕۆشنبیری و فکری و زانستییەوە، بریتی بوو لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر زانای بەناوبانگی موسڵمانان لەلایەن خاچییەکانەوە، کاتێک خاچییەکان لە ساڵی (492ک/1099ز)دا چوونە ناو (بیت المقدس)ەوە، چەندین زانای بەناوبانگی موسڵمانەکانیان کوشت، لە نموونەی ئەو زانایانەش (عبدالجبار بن احمد بن یوسف الرازی ابو القاسم الزاهد) (م. لە 492ک/1099ز) (السبکی، 1992، ج5، ص98)، (سعد بن احمد بن محمد ابو القاسم النسوی القاضي) (م. لە 492ک/1099ز) (ابن منظور، 1984، ج9، ص 231)، (کامل بن دیسم بن مجاهد ابو الحسن النصری الفقیه العسقلانی المعروف به المقدسی) (م. لە 492ک/1099ز) (ابن منظور، 1984، ج 21، ص132)، هەر لە درێژەی شاڵاوەکانی خاچییەکاندا، لە شار و ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی ئیسلامیدا، چەندین زانای دیکەش کوژران. لەوانەش: فەقیهی گەورە، ئیمام (یوسف الفندلاوی المالکی)، لە ساڵی (543ک/1148ز)(ابن قلانسی، 1983، ص ص463-464؛ ابي شامة، 1997، ج1، ص186؛ النعیمی، 1990، ج2، 1990، ص8)، (ابو القاسم، مکی بن عبدالسلام بن الحسین بن القاسم الانصاری الرمیلی الشافعی) (م.لە 492ک/1099ز) و چەندین زانای دیکە بەدەستی خاچییەکان کوژران (یاقوت الحموی، 1995، ج1، ص521؛ رشاد العمر المدنی، 2005، ص ص76-78).

هەروەها لە کاتی شاڵاوی خاچییەکاندا، ژمارەیەک زانای موسڵمان دەستگیرکران، لەو زانا بەناوبانگانەش شەرعزان (شهاب الدین بن البلاعی) (م. لە 602ک/ 1205ز) بوو، کاتێک خاچییەکان هێرشیان کردە سەر شاری (حماة) دەستگیریان کرد (ابن واصل، د.س، ج3، ص162-163)، هەروەها زانا و شاعیری بەناوبانگ (شیخ جمال الدین)یش بەهەمان شێوە لەلایەن خاچییەکانەوە دەستگیرکرا (ابن واصل، د.س، ج3، ص ص300-301)، لەلایەکی دیکەوە شاڵاوی خاچییەکان بووە هۆکاری ئاوارەبوونی بەشێک لە زانایان و چینە ڕۆشنبیرەکەی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی (الحنبلي، 2005، ج3، ص 109)، زانایان لەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی خاچییەکانەوە کۆچیان بۆ ناوچەکانی دیکە بە تایبەت بۆ وڵاتی میسر دەکرد، ئەو وڵاتە بووبووە بنکەیەکی گرنگی شارستانیەتی ئیسلامی (قاسم عبد قاسم، 1990، ص185).

بە شێوەیەکی گشتی، شاڵاوەکانی خاچییەکان سەرەڕای ئەو زیانانەی کە لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، نەیتوانی زیانی گەورە بە لایەنی ڕۆشنبیری و زانستیی موسڵمانان بگەیەنێت، سەرەڕای دەرەنجامە خراپەکانی لەسەر ڕۆژهەڵات، کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرنگی زانستی و ڕۆشنبیریشی بەدوای خۆیدا هێنا، لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەش بریتی بوون لە:

### 1. پزیشکی:

لەبواری پزیشکیدا ناوچەکانی موسڵمانان بەراورد بە خاچییەکان زۆر پێشکەوتووتر بوون، هەروەک لە تەوەرەی یەکەمی ئەم باسەدا ئاماژەی بۆ کراوە، شارە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەک ئەنتاکیە و تەرابلوس و قودس بوونە بنکەی خوێندنی زانستی پزیشکی، مامۆستا بەناوبانگەکانی ئەم قوتابخانانەش بریتیبوون لە مامۆستایانی ڕۆژهەڵات، وەک (تیۆدۆری ئەنتاکی) (م. لە 428ک/1036ز) و (باسیلی حەلەبی) و (یەعقوب نەستوری تەرابلوسی) (زکی النقاش، 1958، ص208)، دەبینین ئەم شاڵاوانە وایانکرد موسڵمانان گرنگیی زیاتر بەم بوارە بدەن، تەنانەت موسڵمانان خێوەتگای پزیشکییان لە بەرەکانی جەنگ ئامادەدەکرد، کە ژمارەیەک پزیشک و نەشتەرکار و کەلوپەلی فریاگوزاری بۆ چارەسەری سەربازە بریندارەکان لەخۆدەگرت (عبدالله بن عبدالرحمن الربیعی، 1994، ص108)، هەروەها موسڵمانان گرنگییان بە زانستی پزیشکیی ئاژەڵان داوە (الطب البیطری)، ئەو کەسانەی بەیتەری بوون لە چارەسەرکردنی ئاژەڵەکان بەرپرسیار بوون (زکی نقاش، 1958، ص207)، دەشێت جەنگەکانی خاچییەکان هۆکاری ئەوە بووبن، کە موسڵمانان گرنگیی زیاتر بەم جۆرە پزیشکییە بدەن و بەرەوپێشیببەن، چونکە بریندار‌بوونی ئاژەڵانیش لە مەیدانی جەنگدا شتێکی چاوەڕوانکراوە، هەروەها پێویستی بە چارەسەرکردنیش هەبووە.

### 2. مێژوو:

زانستی مێژوو لەلای موسڵمانان، یەکێک بوو لەو زانستانەی کەوتە ژێر کاریگەریی شاڵاوەکانی خاچییەکانەوە، ئەم شاڵاوانە بوونە هۆی نووسینی چەندین پەرتووکی مێژوویی و دەرکەوتنی چەندین مێژوونووس لەناو موسڵماناندا، لەوانە (ئیبن ئەلقەلانسي) (م. لە555ک/1160ز)، کە هاوسەردەمی شەڕی یەکەم و دووەمی خاچییەکان بووە و پەرتووکی (ذيل تأريخ دمشق) نووسیوە، هەروەها (أوسامة بن منقذ) (م.لە 584ک/1188ز) خاوەنی پەرتووکی (الاعتبار)، (بهاءالدين ئیبن شداد) (م.لە 632ک/1235ز) خاوەنی پەرتووکی (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية)، (سبط ئیبن ئەلجەوزی) (م.لە 654ک/1256ز) خاوەنی پەرتووکی (مرآة الزمان في تأريخ الأعيان)، (عیمادەدین کاتب ئەلئەصفەهانی) (م. لە 597ک/1201ز)، کە نزیکەی یانزە پەرتووکی هەیە، لەگەڵ چەندین مێژوونووسی دیکە (سۆزان فیصل عبدالرحمن، 2017، ل ل32–36).

### 3. وێژە:

لە ڕووی وێژەشەوە، ئەم شاڵاوانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر شیعر و پەخشانی موسڵمانان بە جێهێشت، لەکاتی ئەم شاڵاوانەدا شیعر و پەخشانی موسڵمانان چوونە خزمەتی ئەم

جەنگانەوە و بە هۆیانەوە ورەی سەربازانی موسڵمانان بەرز دەکرایەوە، هانیاندەدان لەسەر پارێزگاریکردن لە خۆیان، هەروەها چەندین شیعر و پەخشان لە ستایشی سەرکردە و سوڵتانەکان نووسران، لە بەناوبانگترین شاعیرەکانی ئەو سەردەمەش بریتی بوون لە (ئیبن المنير الطرابلوسي) (473ک/1080ز- 548ک/1153ز)، (ئیبن القیسرانی) (478ک/1058ز-548ک/1153ز) و چەندین شاعیری دیکە (محمد العروسي المطوي، 1982، ص ص170-171).

### 4. زمانەوانی:

یەکێک لە کاریگەرییەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان، بریتی بوو لە بڵاوبوونەوەی زمانە ئەوروپییەکان لە ڕۆژهەڵات، لەو ناوچانەی کەوتنە دەستی خاچییەکانەوە، چەندین زمانی بیانی بڵاوبوونەوە، بە تایبەت لە قودس و دەوروبەری، لەو زمانانەش لاتینی و فەرەنسی و ئیتاڵی، لەنێو دانیشتوانی وڵاتی شامیشدا، خەڵکانێک هەبوون، کە توانیویانە بەسەر زمانی لاتینیدا زاڵبن، لەوانەش (حكيم تادری الانطاكی اليعقوبی)، سەرەڕای زانینی زمانی سریانی، زمانی لاتینیشی زانیوە (زکي نقاش، 1958، ص ص197-198).

### 5. ڕووەکناسی:

زانستی ڕووەکەکان یان ڕووەکناسی، یەکێک بوو لەو زانستانەی کە لەدوای هاتنی خاچییەکان بۆ ناوچەکانی موسڵمانان گرنگیپێدراوە، (ابن البیطاری ئەندەلوسی) (م. لە 646ک/1248ز) لە زانا بەناوبانگەکانی ئەو بوارەیە، لە ساڵی (668ک/1270ز)دا سەردانی ئەنتاکیە و میسری کردووە، دواتر لە دیمەشق لەلای سوڵتان (مەلیک کامیلی ایوبی) جێگیربووە، لوبنانیش شوێنی لێکۆڵینەوەی ئەو دەربارەی حەشیش بووە، جگە لەم زانایە، (رشیدالدین الصوری) ڕووەکناسێکی دیکەی ئەو سەردەمە بووە، کێبڕکێی (ابن البیطار)ی لەم زانستەدا کردووە، ئەم زانایە لە شاری (صور) لە ساڵی (573ک/1177ز) لەدایکبووە، لە دیمەشق خوێندوویەتی، بابەتی لێکۆڵینەوەکانیشی بریتیبوو لە حەشیش و ڕووەکەکانی بەیروت و تەڕابلوس و ئەنتاکیە (زکي نقاش، 1958، ص203-204).

هەروەها زنجیرە جەنگەکانی خاچییەکان، بوونە هۆکاری ئەوەی، کە گرنگیی زیاتر بە پەروەردە و فێرکردنی ئاینی بدەن (سوزان فیصل عبدالرحمن، 2017، ل126). لەلایەکی دیکەشەوە، موسڵمانان هەنگاویان بەرەو پاراستنی کلتووریی فکری و ڕۆشنبیریی خۆیان هاوێشت، لەو سەردەمەدا چەند پەرتووکێکی گەورە و باش هاتنە بەرهەم، کە خاوەن سروشتێکی مەوسوعی (واتە زانینی هەموو زانستەکان) بوون، لەو مەوسوعانەش: (مسالك الأبصار فی ممالك الأمصار)ی (عمری) و (نهاية الأرب فی فنون الأدب)ی (نویری) و (صبح

الأعشى فی صناعة الإنشا) هی قلقشندی، هەروەها چەندین فەرهەنگ و وشە و زاراوەی عەرەبی وەکو فەرهەنگی: (لسان العرب)ی (ابن منظور) و (القاموس المحیط)ی (فیروز الابادی)، چەندین پەرتووکی دیکەی درێژ و کورت لە بواری زانستی تەفسیری قورئان هاتنە بەرهەم، وەکو: (تەفسیری قورئانی پیرۆز)ی (فخر الراز)ی و پەرتووکی (المبسوط)ی (سرخسی)، پەرتووکی (بدائع الصنائع)ی (کاسانی) لە بواری فیقهدا (قاسم عبده قاسم، 1990، ص183–184).

لەلایەکی دیکەشەوە، سەرەڕای شاڵاوەکانی خاچییەکان بۆ سەر ناوچەکانی میسر و شام، ئەم وڵاتانە بزاڤێکی چالاکی زانستی و ڕۆشنبیرییان بەخۆیەوە بینی، بە تایبەت لە سەدەی (حەوتەمی کۆچی/ سێزدەی زاینی)دا، کە خۆی لە زۆریی ژمارەی قوتابخانە و پەرتووکخانەدا دەبینیەوە (سۆزان فەیسەڵ، 2017، ل55)، کاتێکیش (ئیبن خەلەکان) لە ساڵی (626ک/1229ز)دا، سەردانی شاری حەلەب دەکات، بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو زانایانەی لەم شارەدا هەن، بە دایکی وڵاتانی دادەنێت (ابن خلکان، 1978، ج7، ص48).

زۆر بە ئاسانی دەتواندرێت بوترێت، کە دەرئەنجامەکانی شاڵاوەکانی خاچییەکان دەریدەخەن، کە ئەم شاڵاوانە بە ئەندازەی ئەوەی کە شاڵاوێکی سەربازی و ئابووری و سیاسی و ئاینی بوون، شاڵاوگەلێکی ڕۆشنبیری و زانستیش بوون. ئەم شاڵاوانە بوونە دەروازەیەکی گرنگی تێکەڵاوبوونێکی فراوانیی شارستانییانە لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەوروپای مەسیحی، و بوونە دەروازەیەکی گرنگی چوونی زانست و ڕۆشنبیریی موسڵمانان بۆ ئەوروپا.

## ئەنجام

1. شاڵاوەکانی خاچییەکان، کە شاڵاوی سەربازی ئەوروپییەکان بوون بۆ سەر ڕۆژهەڵات و موسڵمانان، نزیکەی دوو سەد ساڵیان خایاندووە، پاڵنەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە پاڵنەری ئابووری و ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی.
2. ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکانی هاوچاخی شاڵاوەکانی خاچییەکان، کە خۆیان لە پیاوانی ئاینی و ئەدیب و شاعیرەکان و... هتد دەبینییەوە، ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەم شاڵاوانە هەبوو، واتە بە شێوازی جۆراوجۆر، لایەنی ڕۆشنبیری و فکری و زانستی کاریگەرییان لەسەر شاڵاوەکانی خاچییەکان هەبوو، بە تایبەت لە هاندانی هاوڵاتییان بۆ بەشداریکردن لەم شاڵاوانەدا.
3. یەکێک لە دەرئەنجامە هەرە گرنگەکانی ئەم شاڵاوانە، بریتیبوو لە تێکەڵاوبوونی

شارستانییانەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەروەها ئەم جەنگانە شوێنەواری قووڵیان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و زانستی بەجێهێشت، بە تایبەت لەسەر ڕۆژئاوا، شاڵاوەکان بوونە ڕێڕەوێکی گرنگی چوونی زانست و زانیاریی موسڵمانان و ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ئەورووپا، بە تایبەت لە ڕێگای وەرگێڕانی پەرتووک لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی لاتینی و زمانە ئەورووپییەکان و هاتنی فێرخوازان لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات بە مەبەستی فێربوون و بەدەستهێنانی زانست، هەروەها ئەم جەنگانە وایانکرد، کە ئەورووپییەکان بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو زانست و زانیاری و ڕۆشنبیرییەی، کە لە ڕۆژهەڵات هەبووە، بە تایبەت لە ڕووی زانستی پزیشکی و بیرکاری و گەردووناسی، هەروەها وێژە و شیعر و چەندین زانست و لایەنی ڕۆشنبیریی دیکە، ئەم شاڵاوانە کاریگەریی قووڵیشیان لەسەر زانستی جوگرافیا بەجێهێشت.

4. سەرەڕای دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم شاڵاوانە لەسەر ڕۆژهەڵات و موسڵمانان، کە خۆی لە کوژران و بەدیلگرتن و ئاوارەبوونی زانایان و وێرانبوونی بەشێک لە پێگە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی موسڵمانان و... هتد دەبینێتەوە، ئەم شاڵاوانە بوونە پاڵنەرێکی گرنگ تاوەکو موسڵمانان زیاتر گرنگی بە بەشێک لە زانستەکان بدەن، چەندین پەرتووکی گرنگی مێژوویی و جۆراوجۆری پەیوەست بەم شاڵاوانە نووسران، چەندین مێژوونووس لەناو موسڵمانان دەرکەوتن، هەروەها بەشێک لە ناوچە و شارەکانی موسڵمانان بوونە شوێنی گرنگ بۆ بزاڤی زانستی، هاتنی فێرخوازە ڕۆژئاواییەکانیش بۆ ڕۆژهەڵات ئەم چالاکییە زانستییانەی زیاتر کرد، بووە هۆکارێکیش بۆ بڵاوبوونەوەی زمانی لاتینی لە ڕۆژهەڵات، بەشێک لە خوێندەوارە موسڵمانەکانیش فێری ئەو زمانە بوون.

## لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان

یەکەم/ سەرچاوەکان:


ابن الاثير الجزرى، ابى الحسن على ابى الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيبانى المعروف بابن الاثير الجزرى (ت 630 هـ/1232م):

1. الكامل فى التاريخ، راجعه و صححه: محمد يوسف الدقاق، المجلد التاسع، ط4، دار الكتب العلمية، بيروت، 2003.

أسامة بن منقذ، مؤيد الدولة ابو مظفر الكناني الشيزرى(ت588هـ/ 1188م):

2. الاعتبار، دار الهلال، د.م. د.س.

ابن ابي اصبيعة، ابو العباس ابن ابي اصيبعة(ت 668هـ/1289م):

3. عيون الانباء في طبقات الادباء، د.م، د.س.

ابن جبير، محمد بن احمد بن جبير الكنانى الاندلسى أبو الحسين (ت614هـ/1217م):

4. رحلة ابن جبير، دار ومكتبة هلال، بيروت، د.س.

الحنبلي، عبدالرحمن بن احمد بن رجب (795هـ/1393م):

5. ذيل طبقات الحنابلة، حققه: عبدالرحمن بن سليمان العثيمين، مكتبة العبيكان، 2005.

ابن خلكان، ابى العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابى بكر (681هـ/1282م):

6. وفيات الاعيان و انباء ابناء الزمان، ج7، حققه: احسان عباس، دار الصادر، بيروت، 1978.

السبكي، تاج الدين بن عبدالوهاب تقى الدين (ت771هـ/1369م):

7. طبقات الشافعية الكبرى, المحقق:محمود محمد الطناحى, عبدالفتاح محمد الحلو), هجر, ط2, 1992).

سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابي المظفر بن قزأوغلي بن عبدالله (654هـ/1256م):

8. مرآت الزمان فى تواريخ الاعيان، حقق وعلقه عليه: محمد أنس الخن، كامل محمد الخراط، ط1، دار الرسالة العالمية، بيروت، 2013م.

الشارترى، فوشية (521هـ/1127م):

9. تاريخ الحملة الصليبية، ت:زياد جميل العسلي، الطبعة الأولى، دار الشروق، عمان–الأردن، 1990.

ابي شامة، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم المقدسي الدمشقى (665هـ/1266م):

10. كتاب الروضتين فى اخبار الدولتين النورية والصلاحية، حقق و علق عليه: ابراهيم الزيبق، ط1، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1997.

الصورى، وليم (ت665هـ/ 1185م):

11. الحروب الصليبيه، ج1، ت: حسن حبشى، د.م، 1991.

ابى الفداء، عمادالدين اسماعيل (ت732هـ/1331م):

12. المختصر فى اخبار البشر، ج3، ط1، د.س، د.م.

ابن قلانسى، حمزة بن اسد بن على بن محمد التميمي (555هـ/1160م):

13. تاريخ دمشق، تحقيق: سهيل زكار، دار حسان، دمشق، 1983.

المقريزى، احمد بن على بن عبدالقادر ابو العباس الحسيني العبيدي تقى الدين احمد بن على المقريزى(ت849هـ/ 1445ز):

14. اتعاظ الحنفاء باخبار الائمة الفاطمين الخلفاء، تحقيق: محمد حلمى محمد احمد، المجلس الاعلى لشؤن الإسلامية، قاهرة، 1996.

ابن منظور، محمد بن مكرم (711هـ/1311م):

15. مختصر تاريخ دمشق لابن عساكر، تحقيق: نسيب نشاوى، ط1، دار الفكر، دمشق، 1984.

النعيمى، عبدالقادر بن محمد النعيمى الدمشقى(ت 978هـ/1445م):

16. الدارس فى التاريخ المدارس، اعد فهارسه: ابراهيم شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، 1990.

ابن واصل، أبو عبدالله محمد بن سالم بن نصرالله المازنى (ت697هـ/1298م):

17. مفرج الكروب فى اخبار بنى أيوب، د.م، د.س.

ياقوت الحموي, شهاب الدين ابو عبدالله بن عبدالله الرومي(ت626هـ/1229م)

18. معجم البلدان، ط2، دار صادر، بيروت، 1995.

دووەم: ژێدەرەکان

بەزمانی عەرەبی

19. احمد الشامى، تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب فى العصور الوصطى, الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، القاهرة، 1985.

20. ارنست باركر، الحروب الصليبية، ت: السيد الباز العرينى، ط 2، دار النهضة العربية، بيروت، د.س.

21. بسام العسلي، الايام الحاسمة فى الحروب الصليبية، دار النفائس، د.س.

22. جان فلورى، الحرب المقدسة الجهاد الحرب الصليبية، ترجمة: غسان مايسو، دارالمدى للثقافة والنشر، دمشق، 2004.

23. حسن إبراهيم حسن، تأريخ الإسلامى السياسى الدين الثقافى الاجتماعى، ج:4، دار الجيل، بيروت، 2010.

24. رشاد عمر المدني, الحياة العلمية فى فلسطين في مرحلة الصراع الصليبي الاسلامي من (491-690هـ/1098-1291م), د.م, 2005.

25. زكي نقاش، العلاقات الاجتماعية والثقافية والاقتصادية بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبية، دار الكتاب، لبنان، 1958.

26. زغريد هونكه، شمس العرب تسطع على الغرب(اثر الحضارة العربية فى اوروبة)،

ت: فاروق بيضون، كمال دسوقى، راجعه و وضع حواشه: مارون عيسى الخوري، ط8، دار الجيل، بيروت، 1993.
27. سعيد عبدالفتاح عاشور، تاريخ العلاقات بين الشرق و الغرب فى العصور الوسطى، دار النهضة العربية، بيروت، 2003.
28. المدنية الاسلامية و اثرها فى الحضارة الأوروبية، ط1، دار النهضة العربية، قاهرة، 1963.
29. شوقى ابو خليل, الحضارة العربية الاسلامية و موجز عن الحضارات السابقة, دار الفكر, بيروت, 1996.
30. عبدالعزيز عبدالمطلب السيد، اثر الحضارة الاسلامية على الشرق والغرب جوستاف لوبون نموذجا، دار العلم والايمان، دسوق، 2014.
31. عبدالله بن عبدالرحمن الربيعى، اثر الشرق الاسلامى فى الفكر الاوروبى خلال الحروب الصليبية، الرياض، 1994.
32. عبير أحمد عطا الله المحاسنة، موقف العلماء والأدباء من الصليبين في العصر الأيوبي، (569–648 هـ/ 1173 – 1250م)، د.م، 2002.
33. عدنان خلف سرهيد الدراجي، التاثير الحضاري المتبادل بين الاندلس الاسلامية و اسبانية النصرانية خلال عصر سلطنة الغرناطة، دار حميثرا للنشر والترجمة، ٢٠١٨.
34. عمار محمد النهار، محمد شعلان الطيار، الحضارة العربية الإسلامية، دمشق، 2015 – 2016.
35. قاسم عبد قاسم، ماهية الحروب الصلبية، عالم المعرفة، كويت، 1990.
36. لؤي البواعنة، دور العلماء المسلمين في مقاومة الغزو الفرنجي (الصليبي) للمشرق الإسلامي، (490 – 648هـ/ 1097 – 1250م)، دار اليازوري، عمان، د.س.
37. محمد رضا كاشفى، تاريخ الثقافة والحضارة الإسلامية، تعريب: انور الرصافي، زلال الكوثر، د.س.
38. محمد سهيل طقوش، تاريخ الحروب الصليبية(حروب الفرنجة فى المشرق)، دار النفائس، بيروت، 2011.
39. محمد العروسي المطوي، الحروب الصليبية فى المشرق والمغرب، دار الغرب الاسلامى، 1982.
40. محمد كرد على، خطط الشام، مكتب النورى، ط2، دمشق، د.س.
41. محمد ماهر حمادة، المكتبات فى الإسلام نشأتها وتطورها ومعائرها، ط2، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1978.
42. محمد مؤنس عوض، الحروب الصليبية دراسات فى التاريخ المقارن، دار العالم العربي، القاهرة، 2009.
43. محمود سعيد عمران، حضارة اوروبا في العصور الوسطى، دار المعرفة الجامعية، بيروت، د.س.

44. محمود السيد، تاريخ الحروب الصليبية فى مصر والشام، مكتبة المهتدين، 2004.
45. محمود محمد الحويري، اوضاع الحضارية فى بلاد الشام فى قرن الثاني العشر والثالث عشر الميلاد (عصر حروب الصليبية)، دار المعارف، القاهرة، 1979.
46. وليام مونتغمري واط، تاثير الاسلام فى اوروبا العصور الوسطى، ت: سارة ابراهيم الذيب، جسور للترجمة والنشر، بيروت، 2016.
47. يوشع براور، الاستيطان الصليبي فى فلسطين(مملكة بيت المقدس اللاتينية)، ترجمة: عبدالحافظ البنا، ط1، عين للدراسة, 2001.

بەزمانی کوردی /

48. ئاراز فەریق زەینەڵ، مێژووی جەنگ خاچیەکان، چ:1، چا: پەیوەند، سلێمانی، 2011.
49. تیموتی لیڤی بیڵ، جەنگە صەلیبیەکان، و: تەحسین تەها بهاء الدین، چ: 1، چا: وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ب.س.چ.
50. تۆفیق، محمد حسێن، أمین، عبدالأمیر محمد، شارستانیەتی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، و: مستەفا سعید علی، چ:1، چا: چوارچرا، 2013-أ.
51. جفری برۆن، پوختەی مێژووی ئەوروپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، و: نیهاد جلال حبیب الله، چ:1، ناوەندی ڕۆشنبیری، 2009 .
52. دیاری خالید مارف، هەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، چ1، چا: سەردەم، 2016.
53. عیمادەدین خەلیل، دەروازەیەک بۆمێژوی ئیسلامی، و:زانا محمد ئەمین سەعید، چ:1، ناوەندی بیتوێن، 2019.
54. محمد سهیل طقوش، مێژووی سەلجوقیەکان، و: دەوەن حەسەن، چ:1، چا: ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011.
55. مێژووی ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، و: مستەفا سەعید عەلی، چ:2، چا چوارچرا، 2013-ب.
56. محمود شاکر، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و: موسی محمد عبدالرحمان، چ:1، چا:گەنج، 2011.
57. یوسف کەرەم، مێژووی فەلسەفەی ئەورووپی لە چاخی ناوەڕاستدا، و: عومەر عەلی غەفوور، چا: تاران، ب.س.چ.

نامەی ماستەر:

58. سۆزان فیصل عبدالرحمن، هەڵمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران، (647 – 648ک/ 1249– 1250ز)، لەڕوانگەی هەردوو مێژوونوس ئیبن واصڵ و جوانڤیڵدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، بڵاو نەکراوە، ڕانیە، 2017.

گۆڤار: بەزمانی عەرەبی:

59. عبدالعزیز بن الراشد العبیدی، التأثیرات الحضاریة الإسلامیة علی الغرب الأوروبی خلال الحروب الصلیبیة، مجله الأداب جامعة طیبة، عدد3، 2012.

بەزمانی کوردی

60. علی البیدکلی، ڕۆڵی شارستانیەتی ئیسلامی لە ڕێنسانسی ئەوروپادا، و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، مێژوو، گۆڤارێکی مێژووی وەرزیە و کۆمەڵەی رۆشنبیریی مێژوویی کوردستان دەریدەکات، ژ: 3، چا: منارە، هەولێر، هاوینی 2007.

**الملخص**

بالرغم من ان الهدف من الحروب الصليبية في اساسها هو حماية مسيحيون الشرق و حماية الامبراطورية البيزنطية من هجمات ومحاولات سقوطها بيد السلاجقة من جهة ومن جهة اخرى السيطرة على الاماكن المقدسة في القدس وبلاد الشام بشكل عام والسيطرة على الثروة و الموارد الاقتصادية في تلك البلاد ، الا ان تلك الحملات تركت اثرا عميقا على الجانب العلمي والمعرفي والثقافي على كلا الجانبين الاسلامي والمسيحي، وقد استفاد الاوروبيون كثيرا من تلك الناحية حيث اخذوا معهم الخبرات وتجارب مهمة في الجانب العلمي والثقافي الى بلدانهم ، وكان احد اسباب التقدم والازدهار التي حصلت في اوروبا فيما بعد .

اما بالنسبة الى الشرق والمسلمين فان اثار تلك الحملات على الجانب العلمي والثقافي كان ذو شقين. فمن جهة فان بلاد المسلمين كانت قد تعرض الى الهجوم من قبل الصليبيين ، فقد تركت تلك الحروب اثرا سيئا خاصة مع بداية وصول الصليبيين الى المنطقة ، حيث ألحقوا خسائر كبيرة ببعض المؤسسات العلمية والثقافية الإسلامية. لكن تلك لم يكن يعني أن المسلمين أداروا ظهورهم الى التقدم الفكري والعلمي والثقافي في الشرق، أو أنهم تخلوا عن الحركة العلمية والثقافية في المنطقة.وبدلا من ذلك، فأن تلك الحروب دفعت المسلمين إلى المزيد من الاهتمام بالناحية العلمية والثقافية، وابعدوا تاثير تلك الحروب من إيقاف الأنشطة العلمية والثقافية بشكل كامل . و تلك الحملات كانت سببا في ايقاظ المسلمين و الشرق من مخاطر الصليبيين ووقوفهم بوجهها وتدعيم النشاط الحضاري في بلاد المسلمين .